# پارتەکانی ئێران و کێشەی نەوتی باکوور لەنێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت (1941 – 1946)

**ID No. 974**

(PP 390 – 404**)**

**https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.20**

دلزار صالح صادق
بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر
dlzar.sadiq@su.edu.krd

سەعدی عوسمان هەروتی
بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر
dr.saadi.haruti@hotmail.com

**وەگـــــرتن :2023/02/18**

**پەسندکردن :2023/03/26**

**بڵاوکردنەوە :2023/10/15**

**پوختە**

وڵاتی ئێران لەچلەکانی سەدەی بیستەم بەقۆناغێکی هەستیاری پڕ لەکێشمەکێشی سیاسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تێپەڕی؛ چونکە لەساڵی 1941دا کەوتە بەر شاڵاوێکی سەربازی دوولایەنە و لەلایەن هێزەکانی بریتانیا و سۆڤیەت داگیرکرا. ئەمەش بووە هۆی گۆڕانی  سیاسەتی ناوەخۆیی ئەو وڵاتەو لەئەنجامدا چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی دامەزران کە هەڵگری ئاراستەی هزری جۆراوجۆر بوون. لەو هەلومەرجەدا کەحکومەتی ئێران کەوتبووە ژێرکاریگەری فشارەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی و بەردەوام داخوازییەکانیان لەحکومەتی ئێران زیاتر دەبوو، وڵاتە زلهێزەکان چاویان بڕیبووە نەوتی باکووری ئێران، بۆیە فشاریان لەحکومەتی ئێران دەکرد جیاوکی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی ئەو ناوچەیان پێبدات.

مێژووی چاوتێبڕینەکانی وڵاتە زلهێزەکان بۆ نەوتی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، بەتایبەتی دوای ئەوەی وڵاتی بریتانیا لەساڵی 1901 جیاوکی نەوتی لەئێران وەرگرت، کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلۆ – فارسی) لەو ساڵە دامەزرا، ئەمەش هاندەربوو بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەش بێنە مەیدان و داوای جیاوکی نەوت لەو وڵاتە بکەن، بەڵام بەهۆی باڵا دەستی بریتانیا لەئاستی جیهان ئەوەیان بۆ نەچووە سەر، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی (1939 – 1945) و داگیرکردنی ئێران لەساڵی 1941دا ئەو چاوتێبڕینەی زیاتر پەرەیسەند، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەساڵی 1944 ژمارەیەک کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی و بریتانی لەو ساڵەدا بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ئێرانیان کرد، هەربۆیە هەوڵەکانی سۆڤیەتی بەدواداهات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵوێستی پارتەکان هەبوو؛ بەجۆرێك پارتە چەپڕەوەکان داوایان دەکرد کە جیاوکی نەوتی باکوور بدرێتە یەکێتی سۆڤیەت، لەکاتێکدا پارتە ڕاستڕەوەکان دژی هەنگاوێکی لەو جۆرە بوون و پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا (بریتانیا وئەمریکا) بوون. ئەمەش جۆرێک لەناسەقامگیری سیاسی لەسەر ئاستی حکومەتەکانی ئێران بەتایبەتی لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946)دا هێناکایەوە، کە لەئەنجامی ململانێی نێوان زلهێزەکان لەلایەك و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران لەلایەکی تر، ژمارەیەک کابینەی حکومەت پێکهێنران ودوای ماوەیەکی کورت کەوتن. ئەو بارودۆخەش سەرەنجام بە(ڕێککەوتننامەی ئێرانی – سۆڤیەتی) ساڵی 1946 کۆتایی پێهات، کە پارتە چەپڕەوەکانی ئێران پشتیوانییان لێکرد، بەتایبەتی پارتی تودە کەخاوەن پێگەیەکی جەماوەری فراوان بوو، بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن پەرلەمانی ئێران پەسند نەکراو هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ گەیشتن بەنەوتی ئێرانی لەکۆتاییدا سەری نەگرت، سەرەڕای ئەمەش بەپێی ڕێککەوتننامەکە هێزەکانی خۆیان کشاندەوە. ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ڕووخانی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان بەدەستی هێزەکانی ئێران لەهەمان ساڵدا.

**ووشە سەرەکییەکان:** پارتە سیاسییەکان، پارتی تودە، نەوتی باکوور، کێشەی نێوان ئێران و سۆڤیەت، ڕێککەوتننامەی نەوتی ئێرانی و سۆڤیەتی.

## **1- پێشەکی**:

داگیرکردنی وڵاتی ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان لەساڵی 1941دا، بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لەمێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا، چونکە بەداگیرکردنی ئێران قۆناغێکی نوێ لەمێژووی سیاسی ئەو وڵاتە دەستپێدەکات، کەگرنگترین دیاردەکانی کرانەوەی سیاسی و سەرهەڵدانی ژیانی پارتایەتی بوو، لەکاتێکدا پێشتر لەسەردەمی ڕەزا شا (1926 – 1941)، هەموو جۆرە چالاکییەکی پارتایەتی لەو وڵاتەدا قەدەغەکرابوو، لەژێر سایەی ئەو هەلومەرجەدا ژمارەیەکی زۆر پارت و ڕێکخراوی سیاسی دامەزران کەهەڵگری ئاراستەی هزری جیاواز بوون، بەڵام لەو ماوەیەداو بەدیاریکراوی لەساڵانی (1941 – 1946) دا ململانێیەکی توند لەنێوان وڵاتانی هاوپەیمانی لەئارادابوو، بەهۆی هەوڵەکانیان بۆ وەرگرتنی جیاوکی نەوتی باکووری ئێران. بێگومان پارتەکانیش هەریەکەو بەجۆرێک پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان هەبوو، بۆیە ئەوانیش کەوتنە ناو گێژاوی ململانێیە نێودەوڵەتییەکان لەئێران و  لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکان دەخولانەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە هەڵوێستی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1941-1946)دا بەدیاربخات لەمیانەی کێشەی نەوتی باکووری ئێران لەنێوان هەردوو وڵاتی ئێران و سۆڤیەت، چونکە ئەو پارتانە لەو ماوەیەدا کەوتبوونە ژێرکاریگەری ململانێیەکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکان لەئێران، بەڵام هەڵوێستی ئەوانیش کاریگەری هەبوو لەسەر ململانێیەکە. توێژینەوەکە لەو گریمانەیەش

دەکۆڵێتەوە کە ئایا ئەو پارتانە توانیویانە بەشێوەیەکی ئازادانەو بەپێی پێویست گوزارشت لەبیرو بۆچوون ورای سیاسی وهزری خۆیان بکەن. یان بەتەواوی کەوتبوونە ژێر کاریگەری ململانێیە نێودەوڵەتییەکان لەسەر نەوتی باکووری ئێران.

بێگومان نکوڵی لەوە ناکرێ کە بابەتی هەڵوێستی پارت ورێکخراوە سیاسییەکانی ئێران لەمیانەی کێشەی نەوتی باکووری ئێران لەنێوان ئێران و سۆڤیەت، پێشتر هەندێ کتێب وتوێژینەوەی لەسەر نووسراوە؛ وەکو: (محمود طلوعی ، بازی قدرت جنگ نفت در خاور میانه)، (ابراهیم صفایی، اشتباه بزرگ ملی شدن نفت)، (لوئیس فاوست، ایران و جنگ سرد)، بەڵام ئەم بابەتە هێشتا توێژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێ و پێویستی بەوەیە کە بەسەرچاوەی ڕەسەن وتوێژینەوەی نوێ هەموو لایەنەکانی ڕوونبکرێتەوەو شرۆڤە بکرێ. سەربارى ئەوەش دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو نووسینانەی پێشوو لەخودی وڵاتی ئێران و بەزمانی فارسی نووسراون. لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان وبەتایبەتی لەزانکۆکانی هەرێم ، ئەم بابەتە مێژووییە لای لێنەکراوەتەوەو بەدیاریکراویش توێژینەوەی ئەکادیمی لەبارەوە نەکراوە. ئەمانەش هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنن. واتە دەیەوێ بەسەرچاوەی نوێتر ولەگۆشەنیگایەکی تر بابەتەکە شەن وکەو بکات و ڕۆشنتری بکات.

لەم توێژینەوەیەدا لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) وشیکاری (تحلیلي) پەیڕەوکراوە، چونکە بۆ وێناکردنەوەی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی ئێران لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946)، پێویست بەوە دەکات زانیارییە مێژووییەکان کۆبکرێنەوەو لێکبدرێن. تا خەملان وپێکهاتی پارتەسیاسییەکانی ئەو ماوەیە ڕوونبکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شرۆڤەکردن وشیکارییەوە هەڵوێستی پارتەکان و کاریگەرییان لەگۆڕەپانی سیاسی ئێران بەدیاربخرێ.

ئەو توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت، تەوەری یەکەم باس لەهەڵوێستی ئێران دەکات لە دوو ساڵی یەکەمی جەنگی دوومی جیهانی و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی هاوپەیمانی و ئێران و دواتریش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی (بریتانیا و سۆڤیەت). کەبووە هۆی هاتنەکایەی بارودۆخێکی نوێی سیاسی. ئەمەش ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەو وڵاتەدا. هەر لەو تەوەرەیەدا ئاماژەیەکی کورت بە دیارترین ئەو پارتانە دەکەین کە لەو ماوەیەدا دامەزران و هەڵوێستیان بەرامبەر بەکێشەی نەوتی باکووری ئێران هەبوو. تەوەری دووەمیش باس لەسەرەتاکانی چاوتێبڕینی وڵاتە زلهێزەکان (بریتانیا و ئەمریکاو سۆڤیەت) لەنەوتی باکووری ئێران و خواستەکانیان بۆ وەرگرتنی جیاوکی نەوت دەکات. لەگەڵ سەرهەڵدانی کێبڕکێی نێوان کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەو وڵاتانەو فشارەکانیان لەسەر حکومەتەکانی ئێران بۆ وەرگرتنی جیاوکی نەوتی باکوور. تەوەری سێیەمیش باس لە هەڵوێستی پارتەکان بەرامبەر بە هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی نەوتی باکوور دەکات و ناکۆکییەکانی نێوان هەندێک لەپارتەکان لەگەڵ حکومەتەکانی ئێرانی لەسەر جیاوکی نەوت و ڕێککەوتنی نێوان سۆڤیەت و ئێران لەسەر نەوتی باکوور شرۆڤە دەکات.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بەکۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بەزمانەکانی (فارسی، کوردی، عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی) بەستراوە، بەتایبەتی بەڵگەنامەکانی حکومەتی ئێران و یادداشتەکانی کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕۆژنامەکانی ئۆرگانی فەرمی هەندێک لەپارتەکان، کە سەرچاوەی گرنگ و پڕبایەخن، کتێب و نووسینەکانی مێژوونووسانی ئێرانی و هەروەها بیانییەکانیش کە لێرەدا بەکارهاتوون، بایەخی خۆیان هەیەو زۆر کەلێنی بابەتەکەیان پڕکردۆتەوە. لەنێو بەڵگەنامەکان کتێبی بەڵگەنامەیی (اسناد احزاب سیاسی ایران 1320-1330ش) یەکێک لەو سەرچاوە گرنگانەیە کە توێژەر سوودی لێبینیوە، بەتایبەتی لەدیاریکردنی مێژووی دامەزران و ناوی دامەزرێنەرانی هەندێک لەپارتە سیاسییەکان. هەروەها کتێبی بەڵگەنامەیی (ایران در اشغال متفقین مجموعه اسناد و مدارک (1318 – 1324) کەباس لەداگیرکردنی ئێران دەکات لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان. لەنێو یادداشتەکانیش دەکرێت باس لە یادداشتەکانی (سێر ریدەر بولارد) بکەین بەناونیشانی (شترها باید بروند)، چونکە ناوبراو لەماوەی ساڵانی (1942 – 1946) باڵیۆزی بریتانیا بووە لەتاران و یەکێک بووە لەدیارترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ماوەی ساڵانی (1942 – 1946)ی ئێران و ئاگاداری زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بووە. هەروەها یادداشتەکانی (محسن صدر، خاطرات صدر الاشراف) کە ئەویش یەکێک بووە لەسیاسەتمەدارە دیارەکانی ئەو ماوەیەی ئێران و لەساڵی 1945 سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو لەوکاتەی کە کێشەی نەوتی باکوور لەنێوان ئێران و سۆڤیەت لە لوتکە دابوو، ناوبراو لەو کتێبەی خۆیدا بەشێوەیەکی وورد ئاماژەی بەبارودۆخی ئێران کردووە لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946). هەروەها کتێبی (مصطفی فاتح، پنجاه سال نفت ایران) بەیەکێک لەباشترین سەرچاوەکانی تایبەت بەنەوتی ئێران دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو خۆی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلۆ – ئێرانی) بوو، لەسەر پشکی ئێران و ئاگاداری سەرجەم وردەکارییەکانی تایبەت بەبواری نەوت بوو لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946)دا. کتێبەکانی هەردوو ئێراناناس و لێکۆڵەری ڕوسی (ژرژ لنچافسکی، غرب و شوروی در ایران سی سال رقابت (1918 – 1948)) و (م. س. ایوانف، تاریخ نوین ایران)یش بەدوو باشترین سەرچاوەکانی مێژووی نوێی ئێران دادەنرێن، ئەوان بێجگە لەوەی هاوچەرخی ڕووداوەکان بوونە، لێکۆڵەرێکی بواری ئێراناسیش بوونە.

**2- داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی و سەرهەڵدانی ژیانی پارتایەتی:-**

هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی (1939 – 1945)، هەر بەتەنها کاریگەی لەسەر وڵاتانی شەڕکەر دروست نەکرد، بەڵکو ئەو جەنگە ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر وڵاتی ئێرانیش دروستکرد. هەرچەندە ئێران لەگەڵ دەستپێکی جەنگدا، بەدیاریکراوی لە 4ی ئەیلولی 1939 بێلایەنی خۆی لەجەنگدا ڕاگەیاند، ئەو بڕیارەش لەلایەن وڵاتانی شەڕکەر لەهەردوو بەرەی جەنگدا پێشوازی لێکرا (ایران در اشغال متفقین مجموعە اسناد، 1371ش، 13 - 17). بەم بێلایەنیە ئێران توانی بۆ ماوەی دوو ساڵ، واتە تا ساڵی 1941، خۆی لەمەترسییەکانی جەنگ و پەلاماری هێزە شەڕکەرەکان بپارێزێت (امینی، 1382ش، 284)، بەڵام ئەمە تاسەر نەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە 22ی حوزەیرانی 1941 ئەڵمانیا پەلاماری سۆڤیەتیداو ئەویش چووە ناو بەرەی هاوپەیمانی (بریتانیا و فەرەنسا) و لەدژی ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکەی تەوەر کەوتە شەڕ (مکاتبات فوق محرمانە نخست وزیر اتحاد جماهیر شوروی، ج1. 1383ش، 13 - 18).

سۆڤیەت بۆ ئەوەی خۆی لەبەرامبەر پەلامارەکانی ئەڵمانیای نازی ڕابگرێت، پێویستی بەهاوکاری سەربازی و خۆراک و دەرمان هەبوو، باشترین و پارێزراوترین ڕێگەش بۆ گەیاندنی ئەو هاوکارییانە ڕێگەی ئاوی کەنداوی فارس و خاکی ئێران بوو، بۆیە هەڵکەوتەی جوگرافی ئێران بۆ هاوپەیمانان گرنگ بوو.( گزیدە اسناد جنگ جهانی دوم در ایران، 1381ش، 20 - 23). سەرباری ئەوەی هاوپەیمانان لەپەیوەندی نزیکی نێوان ئێران و ئەڵمانیاش نیگەران بوون، هەروەها بەهۆی زۆری جموجۆڵی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی لەئێران، دەترسان لایەنگرانی ئەڵمانیا لەڕێگەی ئێرانەوە پەلاماری کێڵگە نەوتییەکانی قەفقاس لەباکوور و کەنداو لەباشوور بدەن (دشتی، 2003، 184 - 185). هەربۆیە بریتانیا و سۆڤیەت لە 18ی تەموزی 1941 داوایان لەئێران کرد، ئەو ئەڵمانییانەی لەو وڵاتە بوون دەربکات، (ایران در بحران مهر ماە...، 1379ش، 12 - 16). کە ژمارەیان (690) کەس بوو (امینی، 1382ش، 288). بەڵام حکومەتی ئێران ئەو داوایەی هاوپەیمانانی ڕەتکردەوە، چونکە پێی وابوو لەگەڵ بنەمای بێ لایەنی وڵاتەکەیدا ناگونجێت، هەروەها ئێران لەوەش دەترسا ئەگەر ڕەوەندی ئەڵمانی لە وڵاتەکەی دەربکات، لەوانەیە ئەڵمانیا دوای داگیرکردنی سۆڤیەت تۆڵە لەئێرانیش بکاتەوە (هوشنگ مهدوی، 1355ش، 387 - 388). هەرچەندە هاوپەیمانان جارێکی دیکە لە 16ی ئابدا بۆ هەمان مەبەست داوایان لەئێران کردەوە (دربارە سوم شهریور و نقش ایران درجنگ جهانی دوم، 1356ش، 68 - 69)، بەڵام ئێران گوێی داواکارییەکانیان نەدا، بۆیە هێزەکانی سۆڤیەت و بریتانیا لە 25ی ئابی 1941دا لەیەک کاتدا لەباکوور و باشوورەوە پەلاماری ئێرانیان داو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا داگیرییان کرد، چونکە سوپای ئێران نەیتوانی بەرگرییەکی ئەوتۆ بکات شایانی باسکردن بێت (پهلوی، 1372ش، 94 - 95).

دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانانەوە، قۆناغێکی نوێ لەمێژووی ئەو وڵاتەدا هاتە کایەوەو سەردەمی کرانەوەی سیاسی لەئێران دەستپێکرد، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ژیانی پارتایەتی و چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946) لەم وڵاتە دامەزران. یەکێکی دی لەدەرەنجامەکانی ئەو داگیرکارییە ئەوەبوو کە ڕەزا شا لە 16ی ئەیلولی 1941دا لەژێر فشاری سۆڤیەت و بریتانیا ناچاربوو واز لەتەختی پادشایەتی بهێنێت بۆ محەمەد ڕەزا (1941 – 1979)ی کوڕی (بولارد، 1362ش، 292 – 293). ئەویش کە لەڕۆژی دواتردا وەک شای نوێ لەبەردەم پەرلەمانی ئێران سوێندی دەستووری خوارد (کوهی کرمانی، 1329ش، 112 – 114)، ڕایگەیاند: ڕێز لەئازادی ڕادەربڕین و کرانەوەی سیاسی دەگرێت و دەیەوێت وەک شایەکی دەستووری تەنها شاهێتی بکات نەک حوکمڕانی، پەرلەمانیش لە 18ی ئەیلولی 1941دا لێبوردنی گشتی دەرکرد بۆ هەموو ئەوانەی کە لەسەردەمی شای پێشوودا بەهۆکاری سیاسی زیندانی کرابوون یاخود دوورخرابوونەوە، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی زۆرێک لەو کەسایەتییە سیاسی و ڕۆژنامەنووسانەی خرابوونە بەندیخانە یان دوورخرابوونەوە، بگەڕێنەوە سەر شانۆی سیاسی ئێران (ذاکرحسین، 1377ش، ج3، صص22 – 26).

ئەو بارودۆخەی لەدوای داگیرکردنی ئێران هاتەکایەوە، نەک هەر فارسەکان بەتەنیا، بەڵکو دەرفەتی بۆ زۆربەی نەتەوەکانی تری ئێران ڕەخساند بۆ ئەوەی لەناوچەکانی خۆیاندا دەست بەچالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بکەن و پارت و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری تایبەت بەخۆیان دامەزرێنن. بەگشتی لەدوای نەمانی ڕەزا شا، چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946) لەشاری تاران دامەزران (لنچافسکی، 1351ش، 230). هەروەها چەند پارت و ڕێکخراوێکی نەتەوەیەییش لەلایەن هەردوو نەتەوەی (کورد و ئازەر) لە کوردستان و ئازەربایجان دامەزران، ئەو دوو نەتەوەیە لەو ماوەیەدا بەئازادانە لەناوچەکانی خۆیاندا چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری و نەتەوەییان ئەنجام دەدا (آبراهامیان، 1384ش، 209 - 216).

لەدیارترین ئەو پارتانەش کە لەو ماوەیەدا دامەزران، پارتی (تودە/ جەماوەر)ی ئێران بوو، تودە یەکەمین پارتی سیاسی بوو، کە لەساڵی 1941 دامەزرا، ئەو پارتە لەڕووی ئاراستەی هزرییەوە، پارتێکی کۆمەنیستی چەپڕەو بوو، هەروەها پەیوەندییەکی نزیکیشی لەگەڵ سۆڤیەت هەبوو (حزب تود...، 1387ش، 89 - 148). پارتی عەدالەت، یەکێکی دیکە بوو لەو پارتانەی کە لەساڵی 1942، بەسەرۆکایەتی کەسێک بەناوی

(عەلی دەشتی/ 1897 - 1982) دامەزرا، ئەو پارتە، لەڕووی ئاراستەی سیاسییەوە، پارتێکی ڕاستڕەوی پارێزگاربوو، ئەوپارتە تا ساڵی 1946 بەردەوام بوو، هەروەها پەیوەندی نزیکیشی لەگەڵ بریتانیادا هەبوو (اسناد احزاب سیاسی ایران...، ج2، 1376ش، 95 - 97). پارتی (وەتەن)یش کە پارتێکی ڕاستڕەوی پارێزگاربوو، لەساڵی 1943 بەسەرۆکایەتی کەسێک بەناوی (سەید زیائەددین تەباتەبایی (1889 - 1969) دامەزرا، دواتر لەساڵی 1944 پارتەکە هەڵوەشایەوەو پارتی (ئیرادەی میللی) شوێنی گرتەوەو ئەو پارتەش تاساڵی 1946 بەردەوام بوو، ئەو دوو پارتەش بەهەمان شێوە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ بریتانیادا هەبوو.(پارسا بناب، 2004، 240 – 243). هەر لەم ماوەیەدا پارتی (ئێران) هەبوو، ئەو پارتە کە پارتێکی میانڕەوی نەتەوەیی بوو، لەساڵی 1944 لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆشنبیرو مامۆستای زانکۆ بەسەرۆکایەتی کەسێک بەناوی (ئەلاهیار سالح (1897 - 1981) دامەزرا، ئەو پارتە تا کۆتایی ساڵی 1979 بەردەوام دەبێت، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ئەمریکادا هەبوو (اسناد احزاب سیاسی ایران...، ج1، 1376ش، 179 - 279).

سەبارەت بەپارتە نەتەوەییەکانیش، لەساڵی 1945 فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، لەهەرێمی ئازەربایجان لەباکووری ئێران، بەسەرۆکایەتی کەسێک بەناوی (جەعفەر پیشەوەری (1892 - 1947) دامەزرا، ئەو پارتە، لەڕووی ئاراستەی هزرییەوە، خاوەن بیرباوەڕی چەپی مارکسی بوو، پەیوەندییەکی نزیکیشی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوو، چالاکییەکانی ئەو پارتە زیاتر لەناوچەی ئازەربایجان بوو، بەڵام لەدوای ڕووخانی کۆماری میللی ئازەربایجان[1] لەساڵی 1946دا چالاکی نەما (صدری و نیکبخت، 1386ش، 47 - 74). سەبارەت بەکوردیش، هەر لەگەڵ نەمانی ڕەزا شا لەسەر تەختی دەسەڵات، ئەوانیش کەوتنەخۆ بۆ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی، بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ناسراو بە (ژێ. کاف) لەلایەن کۆمەڵێک لەکەسانی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی لەساڵی 1942 لەشاری مەهاباد، دامەزرا، ئەو کۆمەڵەیە تا ساڵی 1945 بەردەوام بوو، دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی (قازی محەمەد (1893 - 1947) شوێنی گرتەوە، ئەو پارتە لەدوای ڕووخانی کۆماری میللی کوردستانیش[2] لەچالاکییەکانی بەردەوام بوو (نادری، 1394ش، 47 - 97).

شایانی باسە ئەو پارتە سیاسییانەی کە لەو ماوەیەدا دامەزران، هەڵگری ئاراستەی هزری و ئایدۆلۆژیای سیاسی جیاواز بوون، هاوکات هەریەک لەو پارتانە بەپیی بەرژەوەندییەکانیان پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتە زلهیزەکانی وەک (سۆڤیەت و بریتانیا و ئەمریکا)هەبوو (عصر پهلوی به روایت اسناد، 1379ش، 136). تەنانەت هەندێک لەو پارتانە کە بەپشتیوانی وڵاتە زلهیزەکان دامەزرابوون، ڕاستەوخۆ کەوتبوونە ژێر کاریگەری ململانییەکانی نێوان (سۆڤیەت و ئەمریکا و بریتانیا) لەئێران، کە لەبابەتەکانی دواتردا باسیان دەکەین.

**3- پارتەکان و ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی باکووری ئێران (1941 – 1946):-**

وڵاتی ئێران لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946)دا قۆناغیکی ئاڵۆزی پڕ لەکێشمەکێش و ململانێی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەخۆوەبینی، بەجۆرێک زۆربەی پێشهاتە ناوخۆییەکانی ئەو ماوەیە وەک زنجیرەیەکی بەیەک بەستراو پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو، بەتایبەتی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لەئێران، کە ڕاستەوخۆ بەسترابۆوە بەکێشەی نەوتی باکوورو کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان. بۆیە لێرە هەوڵدەدەین باسی کێشەی نەوتی باکووری ئێران و بەستنەوەی بەکشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لەو وڵاتە بکەین. لەمیانەی ئەو پێشهاتانەشدا هەڵوێستی پارتەکان دیاری بکەین.

باکووری ئێران لەڕووی جوگرافییەوە ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەبوو، کە نزیکەی (216000 کیلۆمەتر چوارگۆشە) بوو (فاوست، 1374ش، 48). لەڕووی سەرچاوەی سروشتیشەوە بەناوچەیەکی هەرە دەوڵەمەندی ئێران هەژماردەکرا، ئەو ناوچەیەش لەپێنج ئەیالەتی گەورە پێکدەهات، کە ئەوانیش ئەیالەتەکانی (ئازەربایجان، گەیلان، مازندەران، ئەستەرئاباد و خوراسان) بوون، ئەو ناوچانە هەر لەزووەوە ببوونە جێگەی چاوتێبڕینی کۆمپانیا نەوتییەکانی (ئەمریکا و بریتانیا و سۆڤیەت) بۆ دامەزرانی کۆمپانیای نەوت و دەرهێنانی نەوتی ناوچەکە، چونکە ئێران نەوتێکی زۆری دەرنەهێنراوی هەبوو، لەکاتێکدا تا جەنگی دووەمی جیهانی تەنها کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلۆ ئێرانی[3]) لەئێران کاری دەکرد (فاتح، 1335ش، 324 – 348). سۆڤیەتیش لە(بیابانی خوریان) بەدووری (10کم) لەباشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سمنان لەباکووری ئێران پاشماوەی شوێنی کارکردنی کۆمپانیایەکی[4] هەبوو، بەڵام بەهۆی سەرنەکەوتنی لەدەرهێنانی نەوت لەناوچەکەدا هەر لەساڵانی سییەکاندا کارەکانی وەستابوو و خاوەندارێتی جیاوکەکە بۆ حکومەتی ئێران گەڕابۆوە (حسن نیا، 1389ش، 369 – 404).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئەڵمانی کە لەساڵی 1945 کەوتبووە دەستی ئەمریکییەکان، (مۆلۆتۆڤ)ی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت لە 26ی تشرینی دووەمی 1940 نامەیەکی بۆ باڵیۆزی ئەڵمانیای نازی ناردبوو لەمۆسکۆ، لەبارەی دابەشکردنی ناوچەکانی جیهان لەنێوان خۆیاندا، کەتیایدا ناوچەکانی باشووری (باکۆ و باتۆم) لە (قەفقاس) تاکو (کەنداوی فارس)ی وەک ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان تۆمارکردبوو، ئەمەشی وەک مەرجی

ڕێککەوتنی نێوان خۆیان و ئەڵمانیای دانابوو ((NAZI-SOVIET RELATIONS, 1939-1941,1948, 258-259. لەژێر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامەیەدا دەتوانین بڵێین سۆڤیەتییەکان هەر لەدەستپێکی جەنگەوە چاویان بڕیبووە ناوچەکانی باکووری ئێران کە دەوڵەمەند بوو بەنەفت.

لەسەرێکی ترەوە، هەرچەندە ئێران لەماوەی ساڵانی داگیرکردنی وڵاتەکەیدا (1941 – 1946)، وەک وڵاتێک بەتەواوی هەڵنەوەشایەوەو دامەزراوە سیاسییەکانی (شا و پەرلەمان و حکومەت) لەسەرکارەکانیان بەردەوام بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتە بەتەواوی لەو ماوەیەدا سەروەری سیاسی و سەربازی خۆی لەدەستدابوو، سەرباری ئەوەی هاوپەیمانان، بەپێی پەیماننامەی ساڵی 1942[5]، کە لەگەڵ حکومەتی ئێراندا مۆریان کردبوو، بەڵێنیاندابوو دوای 6 مانگ لەکۆتایی هاتنی جەنگ هێزەکانیان لەناو خاکی ئێران ببەنە دەرەوەو لەبوارەکانی (سیاسی و ئابووری و سەربازی) هاوکاری حکومەتی ئێران بکەن (ایوانف، 1356ش، 96). بەڵام هەنگاوەکانی دواتریان سەلماندی کە ئەوان ڕاستگۆ نەبوون، چونکە ئەو وڵاتانە نەک هاوکاری ئێرانیان نەکرد لەماوەی جەنگدا. بەڵکو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا ئاستەنگیشیان بۆ حکومەتی ئێران دروست دەکردو فشاریشیان لەو وڵاتە دەکرد لەو ماوەیەدا خواستەکانی ئەوان بەدیبهێنێت، ئەمەش وایکردبوو حکومەتی ئێران هیچ توانایەکی بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستی ئەواندا نەبێت، تەنانەت نەیدەتوانی هیچ هەنگاوێک بەبێ پرس و ڕاوێژی ئەوان لەناوچەکەدا بنێت (لنچافسکی، 1351ش،250).

لەسەرەتای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەت و بریتانیاوە، دوو ئاراستەی جیاواز لەشێوازی سیاسەتی هاوپەیمانان تایبەت بەئێران بەدی دەکرا. لەوانە بریتانیا کە دەستی بەسەر ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێراندا گرت، بێجگە لەپاراستنی بیرە نەوتیەکانی ناوچەکە، هاوکات ئامانجی گەیاندنی هاوکاری سەربازی و خۆراکیش بوو بۆ سۆڤیەت، بەو مانایەی ئەوان وەک پردێک دەیانڕوانیە ئێران بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان بەسۆڤیەت، بەڵام سۆڤیەت تێڕوانینێکی پێچەوانەی هەبوو بۆ ئێران، ئەو هاتبوو بۆ ماوەیەکی درێژ لەناوچەکەدا بمێنێتەوە (لنچافسکی، 1351ش، 246 – 247). چونکە کاتێک سوپای سۆڤیەت سنوری ئێرانیان بەزاند، لەگەڵ خۆیاندا دەیان شارەزاو پسپۆری جیاوازیان هێنابوو، کە زۆربەیان بەڕەچەلەک ئێرانییەکانی نیشتەجێی (تاشکەند و باکۆ) بوون، واتە بەبنەچە ئێرانی بوون، ئەرکی سەرەکی ئەوان دروستکردنی پەیوەندی بوو لەنێوان سۆڤیەت لەگەڵ هەردوو نەتەوەی (کورد و ئازەر) و نەتەوەکانی تری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت لەباکوورو باکووری ڕۆژئاوای ئێران (لاهوتی ، بیتا، 107). بێگومان ئەوەش بۆ قایمکردنی پێگەی سۆڤیەت بوو لەناوچەکەدا.

سۆڤیەت لەدوای داگیرکردنی ئێران، چەند جارێک داوای لەحکومەتی ئێران کرد ڕێگەبدات کار لەکێڵگە نەوتییەکانی ناوچەی (خوریان) لەباکووری ئێران بکات، بەڵام داواکەی لەلایەن حکومەتی ئێران ڕەتکرایەوە (فاتح، 1335ش، 348). هەروەها (ستالین (1924 – 1953)یش لەساڵی 1943دا لەکۆنفرانسی سەرانی هاوپەیمانی لەشاری تاران، داوای دابەشکردنی نەوتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کردبوو لەنێوان خۆیاندا، بەڵام (ڕۆزڤێڵت (1933 – 1945) و (چەرچل (1940 – 1945) داواکەیان ڕەتکردبۆوە، بەبیانووی ئەوەی کاتەکەی گونجاو نەبوو بۆ کارێکی لەم شێوەیە، بەهۆی ئەوەی (ستالین) پێویستی بەهاوکاری ئەوان هەبوو، ئەویش پێداگری لەسەر بابەتەکە نەکرد (طلوعی، 1371ش، 163).

لەکۆتایی ساڵی 1943و سەرەتای ساڵی 1944 چەند کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمریکی و بریتانی بەمەبەستی گەڕان و پشکنین بەدوای نەوت لەناوچەکانی باکووری ئێران، سەردانی ئەو وڵاتەیان کردو لەشوباتی 1944دا سەرقاڵی بەستنی ڕێککەوتننامەی لێکتێگەیشتن بوون لەگەڵ ئێران (صدر، 1346ش، 415 – 416). بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر بزواندنی هەست و سۆزی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە نەیارەکانی حکومەت هەبوو، بەتایبەتیش پارتی تودە، کاتێک زانی حکومەتی ئێران دەیەوێت جیاوکی دەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی باکووری ئێران بدات بە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکاو بریتانیا، ناڕەزایی خۆی لەڕێگەی پەرلەمانەوە دەربڕی (فاتح، 1335ش، 353). کە (8) نوێنەری لەخولی چواردەهەمی پەرلەمان (1944 – 1946)دا هەبوو (آبراهامیان، 1384ش، 359). بۆ ئەو مەبەستەش یەکێک لەنوێنەرەکانی ئەو پارتە بەناوی دکتۆر ڕەزا رادمەنش (1905 - 1983) داوای لە محەمەد ساعد مەراغەیی سەرۆک وەزیرانی ئێران (ئادار – تشرینی دووەمی 1944) کرد، وەڵامی ئەو دەنگوباسانە بداتەوە لەبارەی هاتنی کۆمپانیاکانی بریتانیا و ئەمریکا بۆ ئێران، کەچی سەرۆک وەزیران لەوەڵامی پرسیاری ئەندامەکەی پارتی تودەدا، ئاماژەی بەوەدابوو کە ئەوان هاتوون بۆ داوای نەوتی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئەوەش بەو مانایە دێت، کە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکاو بریتانیا داوای نەوتی ئەو ناوچانەیان کردبوو کە لەڕووی جوگرافییەوە لەسنووری سۆڤیەت دووربوو، هەروەها کارکردنیان لەم ناوچانەدا نەدەبووە مایەی هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی سۆڤیەت، سەرباری ئەوەش پارتی تودە دژی پێدانی جیاوکی نەوت بەوڵاتانی بیانی وەستایەوە (فاتح، 1335ش، 353 – 354).

سەبارەت بەهەڵوێستی کورد، دیارە کە لەسەروبەندی هاتنی شاندی کۆمپانیاکانی نەوتی بریتانیا و ئەمریکا بۆ ئێران، تەنها کۆمەڵەی (ژێ کاف)، وەک کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردی چالاکی سیاسی هەبوو، بۆیە تەنیا ئاماژە بە هەڵوێستی ئەو کۆمەڵەیە دەدەین؛ بەپێی بەڵگەنامەیەک کە لەلایەن سەرکونسوڵی سۆڤیەت لەتەورێز بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردبوو، ناوبراو لە 26ی شوباتی 1945 چاوی بەچەند ئەندامێکی

کۆمەڵەکە کەوتبوو لەشاری تەورێزدا، دەڵێ ئەوان بەڕاشکاوی پشتیوانی سۆڤیەتییان کردبوو بۆ وەرگرتنی جیاوکی نەوتی باکووری ئێران، هەروەها بەتوندیش دژایەتی حکومەتی ئێرانیان کردبوو بەسەرۆکایەتی محەمەد ساعد مەراغەیی، چونکە ناوبراو ئامادە نەبوو جیاوکی نەوتی باکوور بدات بەسۆڤیەت (هەورامی، 2008، 114 - 116).

حکومەتی ئێران لەلایەن خۆیەوە، بۆ دەربازبوون لەناڕەزاییە جەماوەرییەکانی پارتی تودە لەلایەک و فشارە سیاسییەکانی سۆڤیەتیش لەلاکی ترەوە، لە 2ی ئەیلولی 1944دا ڕایگەیاند تا دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و چوونە دەرەوەی هێزەکانی بیانی لەئێران، هیچ جۆرە جیاوکێک نادات بەهیچ کۆمپانیاو وڵاتێکی بیانی (بهار، 1357ش، 582). ئەمەش لەکاتێکدابوو سۆڤیەت ئامادەکاری دەکرد بۆ ناردنی شاندێکی سیاسی و تەکنیکی بۆ ئێران، بۆ وەرگرتنی جیاوکی نەوتی سەرجەم ناوچەکانی باکووری ئەو وڵاتە، شاندەکەش کە بەسەرۆکایەتی جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بوو بەناوی (سێرگی کاڤتارئادزە Sergei Kavtaradze /1885 – 1971)، لە 15ی ئەیلولی 1944دا واتە نزیکەی دوو هەفتە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە، گەیشتە ئێران (فاوست، 1374ش، 48 – 49). بۆیە ئەو هەوڵەی سۆڤیەت بێ ئەنجام بوو. لەلایەکی دیکەشەوە بریتانیا و ئەمریکا، کاتێک پێداگرییەکانی سۆڤیەتیان بینی بۆ وەرگرتنی نەوتی باکووری ئێران، وازیان لە داخوازییەکانی خۆیان هێنا، بەڵام لەژێرەوە فشاریان لەحکومەتی ئێران دەکرد تاکو لەگەڵ سۆڤیەت ڕێکنەکەوێت و هیچ جۆرە جیاوکێکی پێنەدات (صدر، 1346ش، 417). بەڵام سۆڤیەت لەڕێگەی باڵیۆزەکەیەوە لەتاران هۆشداری دایە حکومەتی ئێرانی کە پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵدا دەپچڕێنێت، ئەگەر بێتو داخوازییەکانی ئەو جێبەجێ نەکات (جامی، 1362ش، 244). تەنانەت لە 5ی تشرینی دووەمی 1944 هێزێکی سۆڤیەتی لەبەندەری ئەنزەلی باکووری ئێران دابەزاند، بۆ دروستکردنی فشار لەسەر حکومەتی ئێران، تا بەداخوازییەکانی ڕازی بێت (هور (روزنامه)، د3، س2، ش15، 1323ش (1944)، 1، 6).

هەرچی پارتی تودە بوو، بەهۆی ئەوەی پارتێکی نزیکبوو لەسۆڤیەت، لەلایەن خۆیەوە پشتیوانی لەو داوایەی سۆڤیەت کردو بەتوندیش کەوتە دژایەتیکردنی حکومەتی ئێران، لەوانەش چەندین خۆپێشاندانی جەماوەری لەشاری تاران و (22) شارو شارۆچکەی دیکەی ئێران بەرپاکرد، دروشمی بڕوخێ حکومەتی محەمەد ساعد مەراغەیی و مردن بۆ سەید زیائەددین تەباتەبایی و پەیوەندی دۆستایەتی نێوان (ئێران – سۆڤیەت) و پێدانی نەوت بەو وڵاتەیان بەرزکردبۆوە (شاهید ، 1332ش، 199). چونکە پارتی ئیرادەی میللی بەسەرۆکایەتی سەید زیائەددین تەباتەبایی پشتیوانی حکومەتی محەمەد ساعدیان دەکرد، تەنانەت ئەوان لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندی بەهێزدابوون، بۆ ئەوەی بتوانێت وڵاتی ئێران لەو بارودۆخە سیاسییە ناهەموارەی تێکەوتبوو ڕزگاربکات (رعد امروز (روزنامە)، ش259، 1323ش (1944)، 1).

پارتی تودە، هەر لەسەرەتاوە دروشمەکانی بەتوندی لەدژی سەید زیائەددین و بریتانیا بەرزکردبۆوە، چونکە ئەوانی بەهۆکاری ڕێکنەکەوتنی ئێران و سۆڤیەت دادەنا. بۆیە هەر بەوەندە نەوەستا، ئەوەبوو بەرەیەکی هاوبەشی نێوان ڕۆژنامە ئازادیخوازەکانی دامەزراند، بەناوی (جەبهە آزادی/ بەرەی ئازادی)، کە (50) ڕۆژنامەو کەسایەتی لەخۆ دەگرت (آبراهامیان، 1384ش، 369). ئەو بەرەیە سەرەتا لەهاوپەیمانی نێوان سەرنوسەرانی (15) ڕۆژنامە پێکهاتبوو، بەڵام دواتر خەڵکانی تریش چوونە پاڵیان، هەرچەندە ئەوان خۆیان بە ئازادیخواز و سەربەخۆ ناساندبوو، بەڵام لەبنەڕەتدا زۆربەیان مەیلی چەپ و کۆمەنیستییان هەبوو، هاوکات لەپارتی تودەو سۆڤیەت نزیک بوون، لەدیارترین ڕابەرانی ئەو بەرەیەش بریتی بوون لە(جەعفەر پیشەوەری و ئیرەج ئەسکەندەری و ڕەزا رادمەنش)، کەهەرسێکیان کەسانی کۆمەنیست و دامەزرێنەرانی پارتی تودە بوون، ئامانجیان دژایەتیکردنی پارتە ڕاستڕەوەکان و بەرەی پارێزگاربوو، بەتایبەتی سەید زیائەدین و پارتی ئیرادەی میللی و هەروەها دژایەتیکردنی هەژموونی بریتانیەکان و لایەنگرانیان لەئێران، بۆیە بەتوندی لە ڕۆژنامەکانیاندا هێرشیان دەکردنە سەر (کوهی کرمانی، 1329ش، ج2، 472 – 476).

جەبهەی ئازادی تەنها بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا سەرسەختانە پشتیوانی لەخواستەکانی سۆڤیەت دەکرد بۆ وەرگرتنی جیاوکی نەوتی باکوور لەئێران، بەتوندیش دژایەتی حکومەتی (محەمەد ساعد مەراغەیی) دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش لە30ی تشرینی یەکەمی 1944دا خۆپێشاندنێکی بەرفراوانیان لەشاری تاران بەرپاکرد، کە تیایدا نزیکەی (20) هەزارکەس ئامادەبوون.(فلسطين (جريدة يومية)، س28، ع205 – 5856، 31 تشرين الاول 1944، 1). ئەوان داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی مەراغەیی و پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانیان دەکرد، کە سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییەکانی لەخۆ گرتبێت و بەشێوەیەکی یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هاونشتیمانیانی بکات (رعد امروز (روزنامە)، ش259، 1323ش (1944)، 1). گومانی تێدانییە کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر کەوتنی کابینەی محەمەد ساعد مەراغەیی لە 11ی تشرینی دووەمی 1944دا (صدر ، 1346ش، 421).

لەبەرامبەردا پارتی ئیرادەی میللی پێی وابوو، هەرکاتێک پارتی تودە لەپرسێکی سیاسی شکست دێنێت، پەنا بۆ تێکدان و ئاژاوەگێڕی دەبات و هەوڵدەدات بارودۆخەکە بشێوێنێت، بۆیە ئەوانیش لایەنگرانی خۆیان لەشاری تاران، لەدژی پارتی تودە هانداو پەلاماری خۆپێشاندەرانی

(تودە)یان دا (رعد امروز (روزنامە)، ش265، 1323ش (1944)، 1، 4). واتە شەڕو بەریەککەوتی مەیدانی لەنێوان لایەنگرانی هەردوولا دروستبوو. سەربارى ئەوەی پارتی ئیرادەی میللی لەڕۆژنامەی (هور)ی زمانحاڵیدا، پشتیوانی مانەوەو بەردەوامبوونی حکومەتی محەمەد ساعد مەراغەیی کردبوو، بەتوندیش هێرشی کردبووە سەر پارتی تودەو هۆکاری ڕووخانی حکومەتەکەشی گەڕاندبۆوە بۆ فشاری سۆڤیەت، بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبوو جیاوکی نەوت بەو وڵاتە بدات. (هور(روزنامە)، س2، ش16، 1323ش (1944)، 1، 6).

هەرچی پەرلەمانی ئێران بوو، کە زۆربەی پارتە سیاسسیەکان نوێنەریان تیایدا هەبوو [6] (اسناد روزنامەنگاران و مطبوعات، 1390ش، 76 – 77.). لە 2ی کانونی یەکەمی 1944دا پڕۆژە یاسای (قەدەغەکردنی حکومەت بۆ وتوێژو پێدانی جیاوکی نەوت بە وڵاتانی بیانی)ی پەسندکرد، کە لەلایەن موسەدەق[7] ئامادەکرابوو، بەپێی یاساکە هیچ وەزیرو سەرۆک وەزیرانێک بۆی نەبوو گفتوگۆو دانوستان لەبارەی پێدانی جیاوکی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتانی بیانی بکات، بەپێچەوانەوە بەبەندکردن سزا دەدران، کە ماوەکەی لەنێوان (3 – 8) ساڵدا بوو (اسناد نفت و نطقها و نامەهای تاریخی، 1330ش، 24).

لەسەرەتادا نوێنەرانی پارتی تودە لەپەرلەمان، بەگەرمی پێشوازیان لەو پڕۆژە یاسایە کرد، بەڵام دوای ئەوەی سۆڤیەت بەفەرمی داوای پێدانی جیاوکی نەوتی باکووری لەئێران کرد، پارتی تودە بەلای سۆڤیەتدا بایدایەوەو پشتیوانی لەداخوازییەکانی سۆڤیەت کرد (بهنود، 1364ش، 227 – 228). ئەمەش دووڕوویی سیاسی پارتی تودە دەردەخات، چونکە یەکەمجار کە بێئاگابوو لەوەی سۆڤیەت بەنیازە داوای جیاوکی نەوتی ناوچەکانی باکووری ئێران بکات، ئەو پارتە پشتیوانی پەرلەمانی کرد بۆ تێپەڕاندنی پڕۆژە یاسای نەدانی جیاوک بەوڵاتانی بیانی، بەڵام دوای ئەوەی سۆڤیەت هاتە ناو کێشەکە ئەویش ڕای خۆی دەگۆڕێت و لەسیاسەتی پێشووی پەشیمان دەبێتەوە. ئەمەش وێنایەکی ڕوونی دۆخی سیاسی ئێران و بەئاشکرا لاگیری پارتە ئێرانییەکان بۆ وڵاتانی بیانی دەخاتەڕوو.

هەر لەڕۆژی دواتردا واتە لە3ی کانوونی یەکەمی 1944دا، یەکێک لەئەندامانی پەرلەمان کەنزیک بوو لەپارتی تودەو سۆڤیەت بەناوی (غولام حوسێن ڕەحیمیان (1903 – 1986)، پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی جیاوکی نەوتی باشووری ئێرانی پێشکەشی پەرلەمان کرد، بەڵام ئەو پڕۆژەیە بێجگە لەپارتی تودە، هیچ کام لەپارت و لایەنەکانی دیکە دەنگیان پێی نەدا (جامی، 1362ش، 235). تەنانەت (موسەدەق)یش، کەدژی پێدانی جیاوک بوو بەوڵاتانی بیانی و خاوەنی پڕۆژە یاسایەکەی پێشوو بوو، دەنگی بەو پڕۆژە یاسایە نەدا، چونکە ئەو پێی وابوو پەرلەمان ناتوانێت تاک لایەنە گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوەو پێویست بوو لایەنی بەرامبەریش کە (کۆمپانیای ئەنگلۆ – ئێرانی) بوو خواستی لەسەر ئەم کارە هەبێت (اطلاعات (روزنامە)، س19، ش5630، 1323ش (1944)، 1، 4). لەم بارەیەوە خەلیل مەلەکی، کە یەکێک بوو لەدامەزرێنەران و سەرکردە دیارەکانی پارتی تودە، لەیادداشتەکانی خۆیدا دەڵێت:"پارتی تودە هەرگیز نەیاندەویست جیاوکی نەوتی باشور هەڵوەشێتەوە، چونکە بەهەڵوەشانەوەی ئەو جیاوکە بەدەستهێنانی جیاوکی نەوتی باکووریش بۆ سۆڤیەتیەکان مەحاڵ دەبوو" (ملکی، 1374ش، 98). بۆیە دەتوانین بڵێین پارتی تودە ویستوویەتی لەپەرلەمان جۆرێك لەمانۆڕی سیاسی بکات، بۆ ئەوەی فشار لەسەر لایەنگرانی بریتانیا لەناو پەرلەمان دروست بکات وناچاریان بکات یان بەخواستەکانی سۆڤیەتیش ڕازی بن و دژایەتی پێدانی جیاوکی نەوتی باکوور بەسۆڤیەت نەکەن. یانیش ئەوان کاردەکەن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی جیاوکی کۆمپانیای ئەنگلۆ- ئێرانی لەنەوتی باشوور، کە لەلایەن ئێرانییەکان بەڕەمزی قۆرخکاری ئیمپریالیستی دادەنرا.

زۆری نەبرد ئەندامانی پەرلەمانی سەر بەپارتی تودەو لایەنگرانی ئەو پارتە، لە ڕۆژنامەکانی پارتەکەدا کەوتنە دژایەتیکردنی موسەدەق و هێرشیانکردە سەری، چونکە پێیان وابوو موسەدەق بەو کارەی خەیاڵی کۆمپانیای نەوتی باشووری لەهاتنی ڕکابەری بەهێز بۆ مەیدان ئاسودە کردووە (صفایی، 1371ش، 54 – 55). ئەوان دەیانگووت موسەدەق کەسێکی کۆنە پارێزەو لایەنگری وڵاتانی ئیمپریالیزمەو سیاسەتی (بانێک و دووهەوا) پەیڕەو دەکات، لەلایەک دژی پێدانی نەوتە بەسۆڤیەت، بەڵام لەلایەکی ترەوە پشتیوانی کۆمپانیای نەوتی باشوور دەکات، کە سەر بە بریتانیا بوو (سیاست موازنه منفی در مجلس چهاردهم، ج1، 1327ش، 200 - 233). هەروەها جەعفەر پیشەوەری کە یەکێک لەدیارترین کۆمەنیستەکانی ئێران بوو، لەڕۆژنامەی (ئاژیر) کە لەشاری تەورێز دەری دەکرد، هێرشی کردبووە سەر موسەدەق و نوسیبووی: لەدۆستایەتی نێوان ئێران و سۆڤیەت دەترسێت، کە هاوسێی باکووری ئێرانە (آژیر (روزنامە)، س2، ش231، 1323ش(1944)، 1، 4). ئەمەش بەو مانایە دێت گوایە موسەدەق پەیوەندی لەگەڵ بریتانیاو ئەمریکادا هەیە، بۆیە نایەوێت ئێران لەگەڵ سۆڤیەت پەیوەندی دۆستایەتی دروست بکات. ئەمەش لەکاتێکدابوو هەرخۆیان پێشتر ناوبراویان بە(هیوای خەڵک) دانابوو (بهنود، 1364ش، 227 – 228). ئەمەش ناجێگیری سیاسەتی پارتی تودە دەردەخات لەهەمبەر نەیارەکانی، لەکاتێکدا بەرژەوەندییان لەگەڵ موسەدەقدا هەبووە، بەهیوای گەلیان داناوە، بەڵام دواتر کەپێیان وابووە دژی خواستەکانی ئەوان هەنگاوی ناوە، بەکۆنەپارێزو بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم ناویان بردووە.

گومانی تێدانییە کە هەنگاوەکانی حکومەت و پەرلەمانی ئێران، لەسەر ئاستی دەرەوە کاریگەری هەبوو لەسەر گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئێران و سۆڤیەت، لەسەر ئاستی ناوخۆییشدا کاریگەری هەبوو لەسەر تێکچوونی پەیوەندی حکومەت و هەندێک لەپارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، وەک لەبابەتەکانی پێشووماندا ئاماژەمان پێیان دا. لەو نێوەندەشدا پارتی توودە بەپشتیوانی سۆڤیەت، ڕۆڵی باڵای بینی لەبەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی و بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانی جەماوەری لەدژی حکومەتی ئێران، بێگومان ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەش کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر تەمەنی کابینەکانی حکومەت و کەوتنیان یەک لەدوای یەک، بەجۆرێک لەماوەی نێوان کەوتنی کابینەی محەمەد ساعد تا دەستبەکاربوونی کابینەی قەواموسەڵتەنە[8] لەساڵی 1946دا چوار کابینەی حکومەت پێکهات، بەڵام هیچ کام لەوان نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بن، بەهۆی ململانێی نێوان هێزو لایەنە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان (بهنود، 1364ش، 231 – 256).

یەکێک لەوکابینانەی حکومەت کەزۆرترین گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان حکومەت و پارتی توودە بەخۆوەبینی، کابینەی (موحسین سەدر) ناسراو بە(سەدرولئەشراف/ 16ی حوزەیران – 16ی تشرینی دووەمی 1945) بوو، ئەو گرژییانەش دەگەڕایەوە بۆ هەڵوێستی توندی حکومەتی ناوبراو، بەتایبەتی کاتێک هێزی سەربازی بەکارهێنا بۆ کۆتایی هێنان بەناڕەزایی و خۆپێشاندانەکانی پارتی توودە (فلسطين (جريدة يومية)، س28، ع205 – 5856، 31 تشرين الاول 1944، 1). موحسین سەدر کاتێک بینی ناتوانێت بەشێوەی ئاشتی و دانوستان کۆتایی بەناڕەزاییەکانیانی پارتی توودە بهێنێت، پەنایبردە بەر ڕاگەیاندنی(حوکمی عورفی) لەشاری تاران، پاشان بەتوندی کەوتە سەرکوتکردنی نەیارەکانی حکومەتەکەی، لەوچوارچێوەیەدا چالاکی پارتی تودەی قەدەغەکردو ڕۆژنامەکانی سەر بەو پارتەشی داخست و ژمارەیەک لەسەرکردەکانیشی دەسگیرکرد.(صفايي، 1342ش، 32 – 37).

هەرچی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لەسەرەتای ساڵی 1946 و لەمیانەی بەردەوامبوونی کێشەی نەوتی باکوور، لەئۆرگانی فەرمی خۆیدا بەڕاشکاوانە پشتیوانی لەداخوازییەکانی سۆڤیەت کردبوو لەبارەی وەرگرتنی نەوتی باکوور، بەتوندیش ڕەخنەی لەسیاسەتی پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی گرتبوو، لەسەر پێنەدانی جیاوکی نەوت بەسۆڤیەت و تاوانبارکردنی پارتی توودە بە بەکرێگیراوی سۆڤیەت و داخستنی بارەگاکانی لەشاری تاران، دەڵێت:" ئەگەر توودە بەکرێگیراوی سۆڤیەت بێت، ئەوانیش بەخۆیان کە بەفیتی وڵاتە ئیمپریالستەکان [بریتانیاو ئەمریکا] هەڵدەسوڕێن و چاوپۆشی لەنەوتی باشوور دەکەن پێویستە بەردباران بکرێن" (کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ13، س1، 11 فوريه 1946، 3).

هۆکاری ئەوەی کە پارتی توودە زۆرترین زیانی بەرکەوت لەسەردەمی کابینەی موحسین سەدر، دەگەڕایەوە بۆ بەردەوامی ناڕەزایی و خۆپێشاندانەکانی ئەوپارتە بەدرێژایی ئەو ماوەیە، ئەمەش وایکرد کە پارتی توودە هەڕەشەی تۆڵەسەندەوە لەحکومەت بکات (خاور نو (روزنامه)، س2، ش75، 1324ش(1945)، ص1). هەروەها بەهۆی ئەو سیاسەتە توندەی ناوبراو بەرامبەر بەلایەنگران و خۆپێشاندەرانی ئەو پارتەی گرتبووەبەر، تودەییەکان ناسناوی (قەسابی باغی شا[9])یان لێنا (عاقلی، 1370ش، 580- 581). بێگومان پارتی توودە، لەو ڕێگەیەوە هەوڵیدەدا بەبیری ئێرانییەکان بێنێتەوە کە موحسین سەدر پێشتریش کەسێکی ستەمکارو خوێن ڕێژ بووەو بەشداریکردووە لەکوشتنی مەشروتەخوازەکاندا، کە تا ئەو سەردەمیش ئەوان لەهزری ئێرانییەکاندا کەسانی خۆشەویست بوون، بۆ ئەوەی لەدژی ناوبراو هانیان بدات، بەڵام موحسین سەدر، لەیادداشتەکانی خۆیدا ڕایەکی پێچەوانەی هەیە، کە دەڵێت:"بەهۆی ئەوەی پارتی توودە دەیزانی ڕێگری لەهاتنەدی ئامانجەکانیان دەکەم [مەبەستی پێدانی جیاوکی نەوت بوو بەسۆڤیەت]، بۆیە کەوتنە دژایەتیکردنی من، بەڵام هیچیان بەدەست نەدەکەوت لەسەرم بۆیە بابەتی باغی شایان دەوروژاند" (صدر، 1346ش، 423). کەواتە ئەگەر تێبینییەکانی سەدر ڕاستیش بێت لەبارەی ئامانجەکانی پارتی توودە، بەڵام نەیتوانیوە بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت.

لەلایەکی دیکە پارتی توودە لە26ی حوزەیرانی 1945دا هەوڵیدا لەڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ موسەدەق و ژمارەیەک ئەندامی سەربەخۆی پەرلەمان، زۆرینەیەکی پەرلەمانی دروست بکەن کە متمانە لەحکومەتەکەی موحسین سەدر وەربگرنەوەو کابینەکەی بێخن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە لەبەرامبەریاندا ئەندامانی پارتی ئیرادەی میللی و سەید زیائەددینی سەرۆکیان و ژمارەیەک ئەندامی تری پەرلەمان هەبوون کە پشتیوانیان لەمانەوەی حکومەتی سەدر دەکردو نەیانهێشت بکەوێت و متمانەیان پێی دایەوە، واتە دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێنا بۆخستنی حکومەتی ناوبرا، بەڵام سەرباری ئەوەش سەدر نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ پارێزگاری لەکابینەکەی بکات، چونکە ناڕەزاییەکانی پارتی تودەو دژایەتییەکانی سۆڤیەت بەردەوامی هەبوو، کە سەرەنجام لە 16ی تشرینی دووەمی 1945 ڕووخا (صفايي ، 1342ش، 35 – 38).

**4- ڕێککەوتنی نەوتیی لەنێوان ئێران و سۆڤیەت و هەڵوێستی پارتەکان:-**

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سۆڤیەت لەدوای کەوتنی کابینەکەی (سەدر)یش هەر بەگرژی مایەوە، تا ماوەیەکیش لەدوای دەستبەکاربوونی قەوامولسەڵتەنە لە 26ی کانونی دووەمی 1946دا بەردەوامی هەبوو، ئەو ساردی و گرژییەی نێوانیان زیاتر پەیوەندی هەبوو، بە پرسی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لەناو خاکی ئێران و کێشەی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و پێدانی جیاوکی نەوتی باکوور بە سۆڤیەت. بۆیە ئێران لە 25ی شوبات و 16ی ئازاری 1946 لە(ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی) سکاڵای لەدژی سۆڤیەت تۆمارکرد، هەریەک لە(ئەمریکاو برتیانیا)ش پشتیوانیان لێی کرد (هوشنگ مهدوی، 1355ش، 409 - 412).

گومانی تێدانییە کە حکومەتی ئێران، هەوڵیدەدا لەڕێگەی پشتیوانی ئەمریکاو بریتانیا لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سۆڤیەت ناچاربکات هێزەکانی لەئێران بباتە دەرەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەیویست بەڕێگەی گفتوگۆو دانوستان کۆتایی بەکێشەکانی نێوانیان بهێنێت. بەتایبەتی کاتێک نوێنەری سۆڤیەت لەنەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرەتای شوباتی 1946 ڕایگەیاند کە بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان وا باشە لەگەڵ ئێران بەجیا دابنیشن (کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ9، س1، 2 فوریه 1946، 4). بۆ ئەم مەبەستە قەوامولسەڵتەنە لە 18ی شوباتی 1946 سەردانی مۆسکۆی کرد، لەوێ لەبارەی نەوتی باکوورو چارەنوسی کۆمارەکان گفتگۆ کرا، هەرچەندە ئەو سەردانە ئەنجامی کۆتایی لێنەکەوتەوە، بەڵام ئەو هەوڵەی ناوبراو بووە سەرەتایەک بۆ ئەوەی هەردوولا لە 4ی نیسانی 1946دا ڕێککەوتنامەی (قەوام – سادیچکۆف) مۆربکەن (عظیمی، 1372ش، 194 - 195). بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە کە لەشاری تاران واژۆ کرا، ئێران ڕازی بوو بەدامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەشی (ئێرانی – سۆڤیەتی) بۆ دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی باکوور، ماوەی کارکردنی بۆ (50) ساڵ بوو، کە (25) ساڵی سەرەتا پشکی سۆڤیەت (51٪) بێت و هی ئێرانیش (49٪) بێت، (25)ەکەی دواتریش پشکی هەردوولایان (50 بە 50)بێت، لەبەرامبەردا سۆڤیەت ڕازی بوو هێزەکانی لەماوەی مانگ و نیوێکدا لەئێران بکشێتەوەو پرسی ئازەربایجان و کوردستانیش بەکێشەیەکی ناوخۆیی دانرابوو، هەروەها پێویست بوو ئەو ڕێککەوتنامەیە لەلایەن پەرلەمانی ئێران پەسند بکرێت، بۆ ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە (سیاست موازنه منفی در مجلس چهاردهم، ج2، 1327ش، 245 – 250). لەم بارەیەوە یەکێک لەمێژوونووسان کەهاوچەرخی ڕووداوەکان بووە، لەیادداشتەکانی خۆیدا دەڵێت:"هەرچەندە پێشنیازی سۆڤیەت لەبارەی پشکی ئێران لەنەوتی باکوور بەراورد بە پشکی ئێران لەکۆمپانیای (ئەنگلۆ – ئێرانی) زۆر باشتر بوو، بەڵام پیاوانی سیاسی ئێران وا لێکیان دەدایەوە، سۆڤیەت لەپشتی ئەم کارەیەوە پلانی داگیرکردنی ناوچەکانی باکووری ئێرانی هەیە، بۆیە دژی بوون" (شاهید، 1332ش، 199). ئەم بۆچوونە لێکدانەوەیەکی تەواو دروست نییە، لەڕاستیدا بەرژەوەندی وڵاتی بریتانیاو کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلۆ – ئێرانی) دژی پێدانی جیاوکی نەوت بوون بەسۆڤیەت، لەلایەک لەبەرئەوەی وڵاتێکی ڕکابەری چەندین ساڵەی دەهاتە ناو گۆڕەپانی سیاسی ئێران، لەلایەکی تریشەوە لەوە دەترسان دواتر ئێران داوا لەکۆمپانیای ناوبراو بکات پشکەکانی زیادبکات، بەمەش بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری بریتانیا لەئێران دەکەوتە مەترسییەوە، ئەمە سەرباری هەبوونی پەیوەندی نزیک و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان بەشێک لەکاربەدەستان و سیاسەتمەدارانی ئێران لەگەڵ بریتانیا، بۆیە دژایەتی ڕێککەوتنامەکەیان کردووە. هەوڵدەدەین بەچەند نمونەیەک لێرە بەدوا باسی بکەین.

سەبارەت بەهەڵوێستی پارتەکان بەرامبەر بەڕێککەوتنامەی (ئێرانی – سۆڤیەتی)، بەشێوەیەکی گشتی دوو ئاراستەی جیاوازمان لەهەڵوێستی پارتەکان بۆ دەردەکەوێت؛ هەڵوێستی یەکەمیان پارتە ڕاستڕەوەکان بوون، دژی ئەو ڕێککەوتنامەیە وەستانەوە. لەدیارترینی ئەو پارتانەش: پارتی ئیرادەی میللی بوو بەسەرۆکایەتی سەید زیائەددین تەباتەبایی، کە بەتوندی دژایەتی ئەو ڕێککەوتنامەیەی کرد، تەنانەت ئەوپارتە لەئۆرگانی فەرمی خۆیدا بەتوندی هێرشی کردبووە سەر قەوامولسەڵتەنە، چونکە پێی وابوو، ئەوکارەی قەوام کردوویەتی ڕێککەوتن نییە، بەڵکو سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان و پارچەپارچەکردنی ئێرانە (کشور (روزنامه)، س2، ش140، 1324ش(1946)، 1، 4). تەنانەت بەپشتیوانی دەرباری شا و بریتانیا هەوڵیاندا، لەڕێگەی پەرلەمانەوە متمانە لەحکومەتەکەی قەوامولسەڵتەنە وەربگرنەوەو ڕێگری لەبەستنی ئەو ڕێککەوتنامەیە بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون (الدفاع (جريدة يومية)، العدد3223، يافا، 1945، 4)، چونکە ئەو هەوڵەیان لەلایەن پارتی تودەوە شکستی پێهێنرا، ئەویش لەڕێگەی ئەنجامدانی خۆپێشاندانی جەماوەری لەشاری تاران و شارەکانی تری ئێران و هاندانی ڕای گشتی بۆ پشتیوانیکردن لەهەوڵی ئاشتەوایی نێوان حکومەتی قەوام و سۆڤیەت، بێگومان ئەو پشتیوانییەی پارتی تودە کاریگەری هەبوو لەپاراستنی کابینەی قەوام لەکەوتن (عظیمی، 1372ش، 202).

یەکێکی تر لەو پارتانەی دژایەتی خۆی بۆ ڕێککەوتنامەی نێوان ئێران و سۆڤیەت دەربڕیبوو، پارتی (عەدالەت)بوو، کەیەکێک لەپارتە ڕاستڕەوە دیارەکانی ئەوکاتی ئێران بوو، ئەویش بەهەمان شێوە ڕەخنەی لەسیاسەتی نزیکبوونەوەی قەوامولسەڵتەنە لەسۆڤیەت گرتبوو، چونکە پێی وابوو، بەهۆی نزیککەوتنەوەی قەوام لەسۆڤیەت، ئێران دەکەوێتە ژێر هەژموونی ئەو وڵاتە، ئەمەش ململانێیە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان

لەئێران زیاتر دەکات، تەنانەت هەوڵەکانی قەوامی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ سۆڤیەت، بەهاوشێوەی پەیماننامەی ساڵی 1919ی نێوان (ئێران و بریتانیا) لەقەڵەم دابوو، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەگەر قەوام لەگەڵ سۆڤیەت ڕێکبکەوێت، بەتەواوەتی ئەو وڵاتە دەخاتە ژێر هەژموونی سۆڤیەت، وەکو چۆن پەیماننامەی ساڵی 1919 ئەمر کارەی کردبوو (قیام ایران (روزنامە)، ش82، 1324ش (1945)، 1، 6). لەمر هەڵوێستەی پارتە ڕاستڕەوەکان کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیاندا، بۆمان دەردەکەوێت، بەشێک لەهۆکارەکانی دژایەتیکردنیان بۆ ڕێککەوتننامەی ئێرانی و سۆڤیەتی دەچێتە چوارچێوەی ململانێی سیاسی نێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران، بەشەکەی تریشی گەڕاوەتەوە بۆ ململانێی ئایدیۆلۆژی و ئابووری نێوان وڵاتە زلهێزەکان لەئێران، کەڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر هەڵوێستی پارتەکانیشدا هەبوو.

ئاراستەی دووەمیش هەڵوێستی ئەو پارت و ڕێکخراوانەیە، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای مارکسی و خاوەنی هزری چەپ بوون، ئەوانیش لەناوخۆیاندا دوو هەڵوێستی جیاوازیان هەبوو، بەرەیەکیان کە لەهەریەک لەپارتەکانی (تودە و جەنگەل و میهەن) پێکهاتبوون، ئەوانە پشتیوانیان لەبەستنی ڕێککەوتننامەی (قەوام – سادیچکۆف) کرد و بەهەنگاوێکی گرنگیان دانابوو بۆ ئایندەی ئێران بەگشتی (مهربان، 1361ش، 118)، بەڵام بەرەکەی تریان کە لە (فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) و (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)پێکهاتبوو، سەرباری نزیکیان لەسۆڤیەت، بەڵام نیگەرانی خۆیان لەبەستنی ئەو ڕێککەوتننامەیە نەشاردبۆوە، بەتایبەتی لەدوای ئاشکرابوونی ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەکە و دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لەئێران، چونکە ڕێککەوتننامەکە پرسی ئەو دوو کۆمارەی بەکێشەی ناوخۆیی ئێران ناساندبوو، ئەوانیش ترسیان هەبوو لەدوای کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت ئەزموونەکەیان لەباربرێت لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە.

سەبارەت بەهەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لەئێران، ئەگەر سەیری ئۆرگانی فەرمی ئەو پارتە بکەین، دەبینین مەترسی خۆی لەکاردانەوەکانی حکومەتی ئێران بەرامبەر بەهەردوو کۆماری (ئازەربایجان و کوردستان) نەشاردۆتەوە، کاتێک دەڵێت:"سەرۆک وەزیرانەکانی ئێران بەکرێگیراوی وڵاتە ئیمپریالیستەکانن، هەر کۆمەڵەیەک بەپێچەوانەی چینی دەسەڵاتدار بجولێتەوە، زوو پەلاماریاندەوەو بەزەبری تفەنگ لەناویان بردووە... ئەوان دەیانەوێت داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و ئازەر بۆ سەربەخۆیی لەسەری سۆڤیەت بشکێننەوەو لەئەنجومەنی ئاسایش سکاڵا لەسۆڤیەت بکەن" هەروەها لەژمارەیەکی تریدا کە لەسەروبەندی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی ئێران و سۆڤیەت دەرچووە، دەڵێت:"ئەی دونیا [وڵاتانی جیهان] بزانە کورد سەربەخۆیی دەوێ"، بەڵام دوای بەستنی ڕێککەوتننامەکەو ئاشکرابوونی بەندەکانی، ڕایدەگەیەنێت:"کوردستان خۆڕادەپسکێنی و بەسەر هەموو بەرهەڵستێکدا زاڵ دەبێت" هەروەها دەڵێ:"ئازادی خۆمان ڕادەگرین و بەگشت نەتەوەکانی ئێرانیش دەبەخشین".( کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ13، 11 فوریە 1946، 3؛ ژ29، 30 مارس 1946، 1؛ ژ41، 29 آوریل 1946، 1؛ ژ53، 4 ژوئن 1946، 1).

هەر لەمر چوارچێوەیەدا فرقەی دیموکرات و سەرۆکی فرقە جەعفەر پیشەوەری نیگەرانی و مەترسی خۆیان بەئاشکرا خستۆتە ڕوو و گومانیان هەبووە لەوەی کەوا لەدوای ئەو ڕێککەوتنە ئەزموونەکەیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە کۆتایی پێدەهێنرێت (آذربایجان (روزنامە)، ش166، د2، 18 فروردین 1325ش (1946)، 1). لەبەرامبەردا پارتی ئێران ڕەخنەیەکی لەڕێگەی ئۆرگانی فەرمی خۆی بەناوی (جەبهە/ بەرە) ئاراستەی فرقەی دیموکرات و جەعفەر پیشەوەری کردبوو، پێی ڕاگەیاندبوو:"پێویستە پیشەوەری داوای ئازادی بۆ هەموو ئێران بکات، چونکە ئێران تەنها بریتی نییە لە ئازەربایجان، بۆیە ئەگەر کێشەی ئازەربایجان بەشێوەیەکی ژیرانە چارەسەر نەکرێت، ئەوا باشووری وڵاتیش دەگرێتەوە" (جامی، 1362ش، 406). بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر شێوازی گۆڕینی داواکاری فرقەی دیموکرات، لەداواکردنی ئازادی بۆ ئازەربایجان، بۆ تەواوی میللەتی ئێرانی (آذربایجان (روزنامە)، ش193، د2، 9 اردیبهشت 1325ش (1946)، 1).

سەرباری ئەوانەش جەعفەر پیشەوەری، نامەیەکی ڕەخنە ئامێزی ئاراستەی ستالین کردو نووسی:"ئێوە ئێمەتان بردە ئاسمان و لەناکاو پشتتان بەرداین بۆ ئەوەی بکەوینە سەر زەوی" (ستالین)یش لەنامەیەکدا کە لە 8ی ئایاری 1946دا ئاراستەی ناوبراوی کردبوو، دەڵێت: "وا باشە لەگەڵ حکومەتی ئێرانی ڕێکبکەون و هەوڵبدەن داخوازییەکانتان لەچوارچێوەی حکومەتێکی دیموکراتی بێننەدی، ئەگەر پشتیش لەهەموو شتێک بکەن ئەوا مەترسیەکان زیاتر دەبێت لەسەرتان، بەهۆی ئەوەی ئەمریکاو بریتانیا پشتیوانی ئێران دەکەن".( Joseph V. Stalin to Ja'far Pishevari, Leader of the Democratic Party of Azerbaijan, 8 May 1946, https://digitalarchive.wilsoncenter.org/document/117827). لەو گوتەیەی ستالین دوو خاڵی گرنگ ڕوون دەبێتەوە، یەکەمیان دەستخستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی سۆڤیەت بوو لەئێران، دووەمیشیان ململانێی نێودەوڵەتی و پشتیوانیکردنی ئەمریکاو بریتانیا لەئێران و وەستان لەدژی سۆڤیەت، بۆیە ئەو وڵاتەش لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کە بەزۆری ئابووری بوو، پشتی لەدۆست و هاوپەیمانەکانی کردو ئەوانیش کەوتنە ژێر ڕەحمەتی سوپای ئێرانی، چونکە سۆڤیەت و زلهێزەکانی دیکەش بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان لەسەرووی هەموو

شتێکەوە دانابوو، لەبەرئەوە ئەم وەڵامەی ستالین ئەوەشی لێ بەرجەستە دەبێت کە ناوبراو پرسی هەر دوو کۆمارەکە و داخوازییەکانی کورد و ئازەری بە پرس و کێشەیەکی ناوخۆیی ئێران دابنێت.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، ستالین ئامانجەکانی بەدەست نەهێنا، هەرچەندە سۆڤیەت هێزەکانی خۆی لەماوەی ئەو ساڵەدا لەناو خاکی ئێران کشاندەوە، هاوکات چاوپۆشی کرد لەسەرکوتکردنی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران پابەند نەبوو بە بەڵێنەکەی لەبارەی پێکهێنانی کۆمپانیای هاوبەشی نەوت لەگەڵ سۆڤیەتدا، چونکە زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ئەندامانی پەرلەمانیش لەدژی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوون پێیان وابوو قەوام بەو کارەی ناوچەکانی باکووری ئێران و ئازەربایجانی ڕادەستی سۆڤیەت کردووە، بۆیە بەتوندی دژایەتی ئەو پرۆژەیەیان کرد کاتێک قەوام ناردی بۆ پەرلەمان، سەرەنجام پرۆژەکەیان ڕەتکردەوە (فرامرزی، 1388ش، 184 - 191). تەنانەت پەرلەمان ڕێککەوتننامەکەی بەڕێککەوتننامەیەکی بێ بنەما لەقەڵەم دا، لەپاڵ ئەوەشدا بڕگەیەکیشی بۆ پرۆژە یاساکە زیادکرد، ئەویش چاو خشاندنەوە بوو بەپشکی ئێران لەجیاوکی نەوتی باشوور کە لەدەستی کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلۆ – ئێرانی) بوو، هەروەها قەوامولسەڵتەنە لەدوای ساڵی 1947دا نەیتوانی بێتەوە سەرۆک وەزیران و متمانەی پەرلەمان بەدەست بێنێتەوە بۆ ئەم کارە، بۆیە بەتەواوی پێگەی سیاسی خۆی لەدەست دا (طلوعی، 1376ش، 338 - 340). بەم شێوەیە کێشەی جیاوکی نەوتی باکووری ئێرانی لەنێوان ئێران و سۆڤیەت کە ساڵانێکی درێژی خایاند، بەبێ ئەوەی سۆڤیەت هیچی دەستکەوێت کۆتایی پێهات. ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنج بوو، ئەو خاڵەبوو کە بریتانیاو کۆمپانیای نەوت لێی دەترسان بۆ پرۆژە یاساکە زیادکرا، ئەویش خاڵی تایبەت بە چاوخشاندنەوەبوو بەپشکی ئێران، کە لەساڵانی دواتر کێشەی خستە نێوان ئێران و برتیانیا.

**5- ئەنجامەکان:-**

1. ململانێی زلهێزەکان و سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی (1939 – 1945)، بووە هۆی داگیرکردنی وڵاتی ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمان، هەرچەندە ئێران بێلایەنی خۆی لەجەنگ ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئەو بێلایەنییە نەیتوانی ئەو وڵاتە لەچاوتێبڕین و پەلامارادنی هێزەکانی بریتانیا و سۆڤیەت بپارێزێت.
2. یەکێک لەدەرنجامەکانی داگیرکردنی وڵاتی ئێران لەلایەن هاوپەیمانانەوە، کرانەوەی سیاسی و سەرهەڵدانی ژیانی پارتایەتی بوو لەو وڵاتەدا، ئەمەش دەرفەتی لەبەردەم ئێرانییەکان ڕەخساند پارت و ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن. ئەو پارت و ڕێکخراوانەش کە لەو ماوەیەدا لەئێران دامەزران، خاوەن ئاراستەی هزری (چەپ، میانڕەو، ڕاستڕەوی پارێزگارو نەتەوەیی) بوون.
3. بووژانەوەی چالاکی نەتەوە نافارسەکان، یەکێکی دیکە لەدەرەنجامەکانی داگیرکردنی ئێران بوو، کەدەرفەتی لەبەردەم هەردوو نەتەوەی (کورد و ئازەر) ڕەخساند بۆ ئەوەی لەماوەی ساڵانی (1941 – 1946) لەناوچەکانی خۆیاندا بەئازادانە چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بکەن و پارت و ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن. هەروەها سەرهەڵدانی حکومەتی خۆڕێبەری لەلایەن هەردوو نەتەوەی (کورد و ئازەر) لەکوردستان و ئازەربایجاندا، کە لەساڵەکانی 1945 و 1946دا هاتنە کایەوە ، یەکێک لەدەرەنجامەکانی داگیرکردنی ئێران بوو،.
4. هەرچەندە (بریتانیا و ئەمریکا و سۆڤیەت) هاوپەیمانی یەکتربوون و لەبەرەیەکدا دەجەنگان لەدژی ئەڵمانیاو وڵاتانی تەوەر، بەڵام ململانێیەکی توندیش لەنێوانیاندا هەبوو لەئێران، چونکە ئەو وڵاتانە هەریەکەیان بەجیا لەهەوڵدابوو بۆ دەستخستنی جیاوکی نەوتی ناوچەکانی باکوور، بۆ ئەو مەبەستەش فشاریان لەحکومەتی ئێران دەکرد بۆ ئەوەی جیاوکی دەرهێنانی نەوت لەناوچەکەدا بدات بە کۆمپانیاکانی وڵاتەکەیان، ئەم دۆخەش ناسەقامگیری سیاسی لەئێران دروستکردبوو. بەتایبەتیش کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر حکومەت وپەرلەمان وسەرجەم هێزە سیاسییەکانی ئێران.
5. ململانێی نێوان وڵاتە زلهێزەکان ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو لەسەر هەڵوێستی پارت و ڕێکخراوەکان لەئێران، چونکە ئەو پارتانەی لەو ماوەیەدا چالاکی سیاسییان ئەنجامدەدا کەوتبوونە ژێر هەژموونی وڵاتە زلهێزەکان و پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ ئەواندا هەبوو، بەمەش ناکۆکی نێوان زلهێزەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان پارتەکانیش هەبوو، هەرکاتێک ئەوان ناکۆک بانایە وپەیوەندی پارتەکانیش گرژی تێدەکەوت.
6. هەندێ لەپارتەکانی ئێران بەتایبەتی پارتی تودەو هەروەها فرقەی دیموکراتی ئازربایجان وحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەهۆی پابەندییان بەسۆڤیەتەوە، بەتەواوی لایەنگیری بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بوون لەئێراندا. هەر بۆیە فشاریان لەحکومەت دەکرد تا جیاوکی نەوتی باکوور بەسۆڤیەت بدات. لەبەرامبەردا پارتەکانی لایەنگیری بریتانیا وئەمریکا وەکو هەردوو پارتی ئیرادەی میللی وعەدالەت، دژی ئەوە بوون.

7. پارتی تودە کە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری فراوان بوو لەئێران، بەتوندی بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت دەکرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەزۆرترین زیانی بەرکەوێت کاتێك حکومەتی ئێران زەبروزەنگی لەدژی ئەو ئاراستەیە بەکارهێنا. سەرەڕای ئەوەش پارتی تودە بووە داکۆکیکەری سەرەکی ڕێککەوتننامەی ئێرانی سۆڤیەتی ساڵی 1946، کە لەبەرژەوەندی سۆڤیەت بەسترابوو.
8. بەرژەوەندی ئابووری زلهێزەکان کاریگەری لەسەر ڕووخانی هەردوو کۆماری خۆرێیەری (کوردستان و ئازەربایجان) هەبوو، چونکە سۆڤیەت لەدوای ئەوەی ڕێککەوتننامەی لەگەڵ حکومەتی ئێران مۆرکرد بۆ دەرهێنانی نەوت لەباکووری ئێران، دەستبەرداری هەردوو کۆمارە میللییەکە بوو، ئەگەرچی پێشتر ئەو دوو کۆمارە لەژێر سێبەری ئەو دامەزرابوون. سەرەڕای ئەوەش ڕێککەوتننامەکە سەری نەگرت وسۆڤیەت نەیتوانی جیاوکی نەوتی باکووری ئێران بەدەستبهێنێ.

## 6- پەراوێزەکان:-

1-کۆماری میللی ئازەربایجان:- ئەو کۆمارە کۆمارێکی خۆبەڕێوەبەری (میللی) بوو، لە12ی کانونی یەکەمی 1945 دامەزرا، حکومەتی کۆماری خۆبەڕێوەبەری ئازەربایجان لە (9 وەزارەت) پێکهاتبوو بەسەرۆکایەتی (جەعفەر پیشەوەری)، پایتەختی کۆمارەکە شاری تەوریز بوو لەهەرێمی ئازەربایجان، ئەو کۆمارە کە بەپشتیوانی سۆڤیەت دامەزرا، تەنها بۆ ماوەی یەک ساڵ توانی بەردەوام بێت، بەڵام دوای ڕێککەوتنی سۆڤیەت لەگەڵ حکومەتی ئێران، لەلایەن سوپای ئێران لە 12ی کانونی یەکەمی 1946 پەلاماردراو کۆتایی پێهێندرا (لنچافسکی، 1351ش، 358 - 395).

2-کۆماری میللی کوردستان:- ئەو کۆمارە کە کۆمارێکی خۆبەڕێوەبەری (میللی) بوو، بەسەرۆکایەتی (قازی محەمەد) لە22ی کانونی دووەمی 1945 دامەزرا، کابینەی حکومەتی کۆماری میللی لە (13 وەزارەت) پێکهاتبوو، بەسەرۆکایەتی (حاجی بابە شێخ)، تا کانونی یەکەمی 1946 بەردەوامبوو (نادری، 1394ش، 68- 102).

3-لەساڵی 1901 سەرمایەدارێکی بریتانی بەناوی (ویلیام نۆکس دارسی – William Knox Darcy/ 1849 – 1917)، جیاوکی دەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی باشووری ئێرانی بۆماوەی (60) ساڵ لە (مزەفەرەددین شای قاجار) وەرگرت و کۆمپانیایەکی بۆ دەرهێنانی نەوت بەناوی (کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ – فارسی/ Anglo – Persian Oil Company) دامەزراند، دواتر لەساڵی 1935 کۆمپانیاکە ناوی بۆ (کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ئێرانی/ Anglo – Iranian Oil Company) دەگۆڕێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (اسناد نفت و نطقها و نامەهای تاریخی، 1330ش، 5 – 31)

-4مێژووی جیاوکی ئەو کۆمپانیایە بۆ سەردەمی ناسرەددین شا (1848 – 1896) دەگەڕایەوە، کە ساڵی 1895 بەخشیبوویە هاوڵاتییەکی ئێرانی، پاشان هاوڵاتییەکی ڕوسی خەڵکی گورجستان بەناوی (خۆشتاریا) لەساڵی 1916 جیاوکەکەی کڕیبۆوە. دواتر پەرلەمان و حکومەتی ئێران لەساڵی 1924 جیاوکەکەیان هەڵوەشاندەوە، پاشان حکومەتی سۆڤیەت لەناوچەی بیابانی (خوریان) جیاوکی دەرهێنانی نەوتی لەئێران وەرگرت، بەڵام بەهۆی بوونی نەوت لەقولاییەکی زۆردا، نەیتوانی بەردەوام بێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فاتح، 1335ش، 336 – 344).

5-پەیماننامەی ساڵی 1942:- ئەو پەیماننامەیە کە لە (9 بەش) و (3 پاشکۆ) پێکهاتبوو، لە26ی کانونی دووەمی 1942 لەنێوان (ئێران و سۆڤیەت و بریتانیا) بەسترا، بەپێی ئەو پەیمانە ئێران بەڵێنی دابوو دژایەتی وڵاتانی هاوپەیمانی نەکات و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تەوەر دروست نەکات، هەروەها لەڕووی (سیاسی و ئابووری و سەربازی)یەوە کار ئاسانیان بۆ بکات و ڕێگەوبان و هێلی شەمەندەفەر و بنکەی سەربازی و دەریایی و ئاسمانی خۆی بخاتە بەردەستیان، لەبەرامبەردا ئەوانیش بەڵێنیان دابوو، پارێزگاری لەسەربەخۆیی سیاسی ئێران بکەن لەبەرامبەر هەر هەڕەشەو مەترسییەکی ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانی، هەروەها دەست لەکاروباریی ناوخۆیی ئەو وڵاتە وەرنەدەن و هاوکاری دارایی و ئابووری پێشکەش بکەن و (6 مانگ) دوای کۆتایی هاتنی جەنگ هێزەکانیان لەئێران بکشێننەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مردم (روزنامە)، ش3، 11 بهمن 1320ش(1942)، 1).

6-پشکی پارتەکان لەپەرلەمان بەم شێوەیە بوو: (پارتی ئیتیحادی میللی) بەسەرۆکایەتی سەیدمحەمەد سادق تەباتەبایی، گەورەترین کوتلەی ناو پەرلەمانی پێکدەهێنا، کە (33) ئەندامی هەبوو، پارتی ئیرادەی میللی بەسەرۆکایەتی سەید زیائەددین تەباتەبایی (24) نوێنەری هەبوو، هەروەها (پارتی عەدالەت)یش بەسەرۆکایەتی عەلی دەشتی (15) ئەندام بوون، سەربەخۆیەکانیش زیاتر لە (30) کەس دەبوون، پارتی تودەش (8) نوێنەری هەبوو (آشنایی با تاریخ مجالس قانونگذاری در ایران (دوره چهاردهم)، 24 – 31).

7-محەمەد موسەدەق(1882 – 1967):- لەبنەماڵەیەکی خانەدان بوو، بەبنەچە لەدایکی نەوەی فەتح عەلیشای قاجار بوو، بڕوانامەی دکتۆرای لەدەرەوەی ئێران بەدەست هێنابوو، لەماوەی ژیانیدا زۆر پۆستی سیاسی و کارگێڕی وەرگرتبوو، لەماوەی ساڵانی (1944 – 1951) ئەندامی پەرلەمان بوو، لەساڵانی (1951 – 1953)ش سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو، ناوبانگی موسەدەق زیاتر دەگەڕایەوە بۆ پرۆسەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران لەنێوان ساڵانی (1951 – 1953)دا، کەسەرنجام بەکودەتا بەسەر حکومەتەکەی کۆتایی بەژیانی سیاسی هات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(جعفری قنواتی، 1380ش، 13 – 500).

8-ناوی تەواوی (ئەحمەد قەوام ئیبراهیم موعتەمیدولدەولە (1876 – 1955) بوو، ناسرابوو بە قەوامولسەڵتەنە، لەبنەماڵەیەکی دیارو خانەدانی شاری تاران بوو، لەماوەی ژیانیدا زۆر پۆستی سیاسی و کارگێڕی وەرگرتووەو ماوەیەک نوسەری دەرباری ناسرەددین شاو مزەفەرەددین شای کوڕی بووەو لەلایەن ئەوەوە ناسناوی قەوامولسەڵتەنەی پێدراوە، ناوبراو لەسەردەمی شۆڕشی مەشروتەدا فەرمانی مەشروتیەت دەنوسێتەوە کاتێک لەلایەن مزەفەرەددین شا دەرکرا، بۆ چەند جارێکیش لەماوەی جیاجیادا سەرۆک وەزیرانی ئێران بووەو ڕۆڵی هەبوو لەڕێکەوتنی نەوتی نێوان ئێران و ڕوسیاو کۆتایی هێنان بە هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الموتی، ج1، 1374ش، 300 – 343).

9-باغی شا:- باغچەیەک بوو لەشاری تاران، ئێستا بە(مەیدانی تۆپخانە) ناسراوە، شوێنەکەی کەوتبووە نزیک پەرلەمان و کۆشکی شای قاجارەکان، بەفەرمانی محەمەد عەلی شا لەساڵی 1908 هێزی تۆپخانەی بەمەبستی تۆپبارانکردنی پەرلەمان تێدا جێگیرکرا، پاشان هەندێک لەو کەسانەی پێشتر دژایەتی ئەویان کردبوو کە بەمەشروتەخوازەکان

ناسرابوون و لەو شوێنەدا زیندانیکرابوون، لەلایەن (موحسین سەدر) کە لایەنگری شا بوو، لەسێدارەدران، بۆیە مەشروتەخوازەکان ناوی (قەسابی باغی شا)یان لێنابوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هدایت، 1344ش، 218 – 228).

**7- لیستی سەرچاوەکان**


**7- 1. بەڵگەنامەی بڵاوکراوە بەزمانی کوردی:-**

1. هەورامی. ئەفراسیاو (2008)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکێتی سۆفیەت، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی.

**7- 2. بەڵگەنامەی بڵاوکراوە بەزمانی فارسی:-**

2. آشنایی با تاریخ مجالس قانونگذاری در ایران (دوره چهاردهم)،
3. اسناد احزاب سیاسی ایران (1320-1330ش)، (1376ش). بەکوشش: بهروز طیرانی، ، ج1 – ج2، انتشارات سازمان اسناد ملی ایران، تهران.
4. اسناد نفت و نطقها و نامەهای تاریخی دکتر محمد مصدق، (1330)، انتشارات راستین، واشنگتن.
5. ایران در بحران مهر ماه (1320 – شهریور ماه 1326)، (1379ش). سازمان اسناد ملی ایران، بەکوشش: کیانوس کیانی هفت لنگ و پرویز بدیعی، انتشارات سازمان اسناد ملی ایران، تهران.
6. ایران در اشغال متفقین مجموعه اسناد و مدارک (1318 – 1324) (1371ش): بەکوشش: صفاءالدین تبرائیان، مؤسسه خدمات فرهنگی رسا، تهران.
7. سیاست موازنه منفی در مجلس چهاردهم (1327ش)، ت: حسین کی استوان، ج1 – ج2، انتشارات روزنامه مظفر، تهران.
8. حسن نیا. محمد (1389ش)، اسنادی از امتیاز نفت خوشتاریا در راستای نفت شمال ایران، پیام بهراستان (مجله)، س2، ش7.
9. عصر پهلوی به روایت اسناد (1379ش)، بەکوش: علیرضا زهیری، دفتر نشر و پخش معارف، قم.
10. گزیده اسناد جنگ جهانی دوم در ایران (1381ش). بەکوشش: بهروز قطبی، انتشارات اطلاعات، تهران.
11. مکاتبات فوق محرمانه نخست وزیر اتحاد جماهیر شوروی با رؤسای جمهور ایالات متحده آمریکا و نخست وزیران

**7- 3. بەڵگەنامەی بڵاوکراوە بەزمانی ئینگلیزی:-**

12. Joseph V. Stalin to Ja'far Pishevari, Leader of the Democratic Party of Azerbaijan, 8 May 1946", May 8, 1946, Wilson Center Digital Archive, AVP RF, f. 06, op. 7, p. 34, d. 544, ll. 8-9; translation for CWIHP by Vladislav M. Zubok. Published in CWIHP Working Paper No. 15. https://digitalarchive.wilsoncenter.org/document/117827
13. NAZI-SOVIET RELATIONS, 1939-1941,( 1948), Documents from The Archives Of The German Foreign Office, Edited By Raymond James Sontag And James Stuart Beddie, Department Of State Publication 3023, USA.

**7- 4. یادداشت و بیرەوەرییەکان:-**

14. بولارد. سر ریدر (سفیر انگلیس در تهران) (1362ش)، شترها باید بروند، ت: حسین ابوترابیان، نشر نو، تهران. خاطرات
15. جامی ن (1362ش)، گذشته چراغ راه آینده است تاریخ ایران در فاصله دو کودتا 1299-1332، چ2، انتشارات ققنوس، تهران.
16. دشتی. علی (2003)، پنجاه و پنج، نشر نیما، اسن-آلمان.
17. صدر. محسن (1346ش)، خاطرات صدر الاشراف، انتشارات وحید، تهران.
18. فرامرزی. عبدالرحمن (1388ش)، خاطرات استاد فرامرزی، بەکوشش: حسن فرامرزی، انتشارات دستان، تهران.
19. لاهوتی. ابوالقاسم (بیتا)، شرح زندگانی من، شرکت سهامی چاپ، بیجا.
20. ملکی. خلیل (1374ش)، برخورد عقاید و آرا، ویرایش و مقدمه: محمەعلی همایون کاتوزیان و امیر پیشداد، چ2، نشر مرکز، تهران.
21. هدایت. مهدی قلیخان (1344ش)، خاطرات و خطرات توشەای از تاریخ شش پادشاه و گوشەای از زندگی من، چ2، کتابفروشی زوار، تهران.

**7- 5. ڕۆژنامەکان بەزمانی کوردی:-**

22. کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ13، س1، 11 فوریە 1946.
23. کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ29، س1، 30 مارس 1946.
24. کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ41، س1، 29 آوریل 1946.
25. کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ53، س1، 4 ژوئین 1946.
26. کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ9، س1، 2 فوریە 1946.

**7- 6. ڕۆژنامەکان بەزمانی فارسی:-**

27. آژیر (روزنامە)، س2، ش231، 1323ش(1944).
28. اطلاعات (روزنامە)، س19، ش5630، 1323ش (1944).
29. خاور نو (روزنامە)، س2، ش75، 1324ش(1945).
30. رعد امروز (روزنامە)، ش259، 1323ش (1944).
31. رعد امروز (روزنامە)، ش259، 1323ش (1944).
32. رعد امروز (روزنامە)، ش265، 1323ش (1944).
33. کشور (روزنامە)، س2، ش140، 1324ش(1946).

34. مردم (روزنامه)، ش3، 11 بهمن 1320ش(1942).

35. هور (روزنامه)، د3، س2، ش15، 1323ش (1944).

36. هور (روزنامه)، س2، ش16، 1323ش (1944).

**7- 7. ڕۆژنامەکان بەزمانی تورکی:**

37. آذربایجان (روزنامه)، ش166، د2، 18 فروردین 1325ش (1946).

38. آذربایجان (روزنامه)، ش193، د2، 9 اردیبهشت 1325ش (1946).

**7- 8. ڕۆژنامەکان بەزمانی عەرەبی:**

39. الدفاع (جريدة يومية)، العدد3223، يافا، 1945.

40. فلسطين (جريدة يومية)، س28، ع205 – 5856، 31 تشرين الاول 1944.

**7- 9. کتێب: بەزمانی فارسی:-**

41. آبراهامیان. یرواند (1384ش)، ایران بین دو انقلاب، ت:احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، چ11، نشرنی، تهران.

42. الموتی. مصطفی (1374ش)، بازیگران سیاسی از مشروطیت تا سال 1357، ج1، چاپخانه پکا، لندن.

43. امینی. علیرضا (1382ش)، تاریخ روابط خارجی ایران از قاجاریه تا سقوط رضا شاه، کتابخانه ملی ایران، تهران.

44. ایوانف. م.س (1356ش)، تاریخ نوین ایران، ت: رفیق شهید هوشنگ تیزابی و حسن قائم پناه، انتشارات حزب توده، ستوکهولم-سوئید.

45. بهار. مهدی (1357ش)، میراث خوار استعمار، چ16، انتشارات امیر کبیر، تهران.

46. بهنود. مسعود (1364ش)، از سید ضیا تا بختیار، چ5، انتشارات جاویدان، تهران.

47. پارسا بناب. یونس (2004)، احزاب وسازمانهای سیاسی ایران (1284 - 1384) ج1، چ2، انتسارات راوندی، واشنگتن دی سی.

48. جعفری قنواتی. محمد (1380ش)، معرفی و شناخت دکتر محمد مصدق، نشر قطره، تهران.

49. حزب توده از شکل گیری تا فرپاشی (1320 – 1368)، (1387ش): به کوشش: جمعی از پژوهشگران، مؤسسه مطالعات وپژوهشهای سیاسی، تهران.

50. درباره سوم شهریور و نقش ایران درجنگ جهانی دوم (1356ش)، مرکز پژوهش نشر وفرهنگ سیاسی دوران پهلوی، بی جا.

51. ذاکرحسین. عبدالرحیم (1377ش)، ادبیات سیاسی در عصر مشروطیت (1304 – 1320ش)، ج3، نشر علم، تهران.

52. شاهید. جعفر (1332ش)، دودمان پهلوی جریان ملی شدن صنعت نفت در ایران (تاریخ و شرح حال خاندان سلطنتی)، چ2، بی جا.

53. صدری. منیژه و نیکبخت. رحیم (1386ش): پیدایش فرقه دموکرات آذربایجان به روایت اسناد و خاطرات منتشر نشده، مؤسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران، تهران.

54. صفایی. ابراهیم (1342ش)، رهبران مشروطه صدر الاشراف، چاپ شرق، تهران.

55. صفایی. ابراهیم (1371ش)، اشتباه بزرگ ملی شدن نفت، نشرا کتاب سرا، تهران.

56. طلوعی. محمود (1371ش)، بازی قدرت جنگ نفت در خاور میانه، چ2، نشر علم، تهران.

57. طلوعی. محمود (1376ش) بازیگران عصر پهلوی از فروغی تا فردوست، ج1، چ4، نشر علم، تهران.

58. عاقلی. باقر (1370ش)، نخست وزیران ایران از مشیر الدوله تا بختیار (1285 – 1357)، انتشارات جاویدان، تهران.

59. عظیمی. فخرالدین (1372ش)، بحران دموکراسی در ایران (1320 – 1332)، ت: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، نشر البرز، تهران.

60. فاتح. مصطفی (1335ش)، پنجاه سال نفت ایران، انتشارات شرکت سهامی چهر، تهران.

61. فاوست. لوئیس (1374ش)، ایران و جنگ سرد، ت: کاوه بیات، موسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران.

62. کوهی کرمانی. حسین (1329ش)، از شهریور 1320 تا فاجعه آذربایجان و زنجان، ج1 – ج2، چاپخانه مظاهری، تهران.

63. لنچافسکی. ژرژ (1351ش)، غرب و شوروی در ایران سی سال رقابت 1918 – 1948، ت: حورا یاوری،انتشارات ابن سینا، تهران.

64. مهربان. رسول (1361ش)، گوشه‌هائی از تاریخ ایران معاصر، انتشارات عطارد، آلمان.

65. نادری. محمود (1394ش)، حزب دموکرات کردستان ایران، نشر موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران.

66. هوشنگ مهدوی. عبدالرضا (1355ش)، تاریخ روابط خارجی ایران (1500 – 1945)، چ2، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

**الاحزاب الايرانية ومشكلة نفط الشمال بين ايران و الاتحاد السوفيتي (1941 – 1946)**

دلزار صالح صادق
قسم التاريخ،كلية الآداب،جامعة صلاح الدين – اربيل
dlzar.sadiq@su.edu.krd

سعدي عثمان هروتي
قسم التاريخ،كلية الآداب،جامعة صلاح الدين – اربيل
dr.saadi.haruti@hotmail.com

**ملخص**

لقد مرت إيران في اربعينات القرن العشرين بمرحلة حساسة من الصراع السياسي الداخلي والدولي. حيث تعرضت في عام 1941 لحملة عسكرية مزدوجة وتم احتلالها من قبل الجيش البريطاني والقوات السوفيتية. مما ادى الى تغيير سياسي داخل ايران. فظهرت نتيجة لذلك العديد من الاحزاب والمنظمات السياسية، ذات التوجهات الفكرية المختلفة. في ظل تلك الظروف حيث كانت ايران واقعة تحت تأثير ضغوطات دول التحالف وطلباتهم المتزايدة، كانت الدول العظمى لها مطامع في نفط شمال ايران. لذلك كانت تضغط على الحكومة الايرانية من اجل الحصول على امتياز استخراج وتصدير نفط شمال ايران.

ان اطماع الحلفاء في نفط شمال ايران قد نشأت مع احتلال تلك البلاد، ولكنها تزايدت منذ عام 1944، حين قام عدد من الشركات النفطية البريطانية والامريكية بزيارة ايران. فتلتها المحاولات السوفيتيه للغرض نفسها. وقد انعكس ذلك على مواقف الاحزاب الايرانية؛ حيث كانت الاحزاب اليسارية تطالب باعطاء امتياز نفط الشمال الى الاتحاد السوفيتي. في حين رفضت الاحزاب اليمينية هذه الخطوة ، وكانت تؤيد الدول الغربية (بريطانيا وامريكا). مما ادى الى انعدام الاستقرار السياسي في ايران، وخاصة على مستوى الحكومات الإيرانية، حيث تشكلت عدد من الحكومات خلال سنوات (1941 – 1946)، ولكن سرعان ما سقطت جراء التنافس بين الدول الكبرى من جهة وصراع الأحزاب الإيرانية من جعة اخرى.

وأخيرا فان هذا الصراع قد حسمت بالاتفاقية الإيرانية -السوفيتي في عام 1946، والتي أيدتها الاحزاب اليسارية الايرانية، وخاصة حزب توده ذات القاعدة الجماهيرية العريضة. ولكن الاتفاقية المذكورة لم تنل مصادقة البرلمان الايراني، ولذلك لم تحصل السوفيت على مبتغاهم في النفط الايراني. بالرغم من ذلك فانهم قد سحبوا تأييدهم لجمهوريتي أذربيجان وكردستان، مما أدى الى سقوطهما بأيدى القوات الايرانية في السنة نفسها.

**كلمات الرئيسية**: الاحزاب السياسية، حزب التودة، نفط الشمال، المشكلة الايرانية السوفيتية، اتفاقية النفط بين ايران و سوفيت.

**Iranian Parties and the Northern Iran Oil problem, Between Iran and Soviet Union (1941 – 1946)**

Delzar Salih Sadiq
Department of History,College of Art,Salahaddin University-Erbil
dlzar.sadiq@su.edu.krd

Saadi Uthman Haruti
Department of History,College of Art,Salahaddin University-Erbil
dr.saadi.haruti@hotmail.com

## Abstract

In the forties of the twentieth century, Iran went through a sensitive period of internal and international political conflict. In 1941, it was subjected to a double military campaign and was occupied by the British army and Soviet forces. This led to a change in Iran's internal politics. As a result, many political parties and organizations emerged, with different intellectual trends. Under this circumstance, when Iran was under the pressures of the alliance countries and their increasing demands, the superpowers had ambitions in the oil of northern Iran. Therefore, it was pressuring the Iranian government in order to obtain the privilege of extracting and exporting oil from those areas.

The Allies' greed for northern Iran's oil arose with the occupation of that country, but it has increased since 1944 when a number of British and American oil companies visited Iran. It was followed by Soviet attempts for the same purpose. This was reflected in the attitudes of the Iranian parties; The left-wing parties were calling for giving the northern oil concession to the Soviet Union. While the right-wing parties rejected this step because they support Western countries (Britain and America). This led to political instability in Iran, especially for the governments, therefore a number of governments were formed during the years (1941-1946), but they soon fell as a result of the competition between the superpowers on the one hand and the struggle of the Iranian parties on the other.

Finally, this conflict was resolved by the Iranian-Soviet agreement in 1946, which was supported by the Iranian leftist parties, especially the Tudeh party with a broad public base. But the aforementioned agreement did not obtain the approval of the Iranian parliament, and therefore the Soviets did not obtain their desire for Iranian oil. Despite this, they withdrew their support for the Republics of Azerbaijan and Kurdistan, which led to their fall by Iranian forces in the same year.

**Keywords**: Political parties, Tudeh party, Northern Oil, Iran Soviet problem, Northern Iran Oil Concession.